# یادنامە
YADNAMA

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنیە

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی (مێژوو ، کەلتوور ، زمان ، یادەوەری ، پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لە خۆدەگرێت.
یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان

سەرنوسەر و خاوەن ئیمتیاز
سەرکەوتی جیهاز

دەستەی نوسەران
بەختیار شارەزوری
ڕەووف محەمەد ئالانی

ژمارەی ٥٣ی تشرینی یەکەم ٢٠٢٣ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.53.October2023


## کۆتایی سیستەمی فیدراڵی عێراق

**یادنامە**

ئەگەر لە دوای ئازادکردنی عێراق و قۆناغی ئینتقالی ، عێراق بوبێ بە وڵاتێکی فیدراڵی و دەستور بوبێتە بنەمای کۆی دەستەڵاتەکان ، ئەوا لە پشت سیستەمی پەرلەمانی و فیدرڵیەتی دەستورەوە هەژمونی وڵاتان لە عێراقدا دەستەڵاتی یەکەم بوە بە تایبەت ئێران ، ئێستاش لەم قۆناغەدا کە لە هەمو عێراقدا تەنها هەرێمی کوردستان وەک کۆنفیدراڵێ هەیە و وە بوە بە وێنەیەک بۆ ئەو سیستەمی فیدراڵی و کۆنفیدراڵیە ، ئەگەر چی لە قۆناغەکانی پێشتردا چەند هەوڵیک درا بۆ هەرێمی تری فیدراڵ لە ناوەڕاست و خواروی عێراقدا بەڵام سەری نەگرت ، بە پێێ دەستور سێ پارێزگا دەتوانن لە چوارچێوەی دەستوری عێراقیدا هەرێمێکی فیدراڵ پێکبهێنن ، وا ئێستا عێراق بەرەو ناوەندگیری دەچێت و بە هۆی کێشەکانی لەگەڵ هەرێم دەیەوێ ئەم ماددەیەی دەستور هەڵپەسێرێ و کاری پێ نەکات ، ئەوی لە دۆسیەی نەوت و شایستە داراییەکانی هەرێم دەبینرێ سەرەتای کار پێنەکردنی دەستور و سیستەمی کۆنفدراڵی عێراقە ، نەوت و شایستەی دارایی و کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغداد سەرەتایەکە بۆ کۆتایی هێنان بە کۆنفیدراڵی و گەڕانەوە بۆ ناوەندچێتی و مامەڵەکردن لەگەڵ پارێزگاکان




## ئایا جەنگی ئیسرائیل و حەماس دەگاتە سنوری وڵاتانی تر.؟


**یادنامە**


ئەم جەنگەی ئێستە ڕودەدات دەتوانین بە دوو ئاراستە سنورەکەی دیاری بکرێت ، یەکەم سنوری بەرگرتن و کۆتایی هاتن ، دووەم سنوری گەورەبون بۆ وڵاتانی تر ، بە گشتی سنوری ئاگربەست و ڕێککەوتن وەک هاوکێشەی ماتماتیکی گفتۆگۆ تەواو دورن لەیەکەوە لە کۆبونەوەی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە تا هەوڵی وڵاتان لە خاڵی سفردا دەخولێتەوە بۆ ئاشتی و کۆتایی هێنان بە جەنگ ، تەنها هەوڵەکە چوەتە قاڵبی مرۆییەوە هەوڵ دەدەن خەڵکی سڤیلێ و بە تایبەت منداڵ نەبنە قوربانی جەنگ ، لە کۆتاییدا سەرکەوتن بۆ بەهێزەکە دەبێت و جوگرافیایی حەماس دەسڕێتەوە و دەبن بە نادیار ، واتا جوگرافیایەک نامێنێتەوە بۆ حەماس ، دیوی دوەم هەر لەسەرتاوە چی ئەمریکا و چی ئیسرائیل داوایان لە هەمو دنیا کرد کە خۆیان تێوە نەگلێنن لەم جەنگە هەر بۆیە بە دەر لە گروپەکانی سەر سنوری وسوریا و لوبنان ، هیچ حکومەتێک بە دەر لە هەڕەشەی میدییای هیچ بەرپەرچدانەوەیەکیان نابێت ، بەرژەوەندی وڵاتان بە دژەکانینشەوە زۆر گەورەترە لەوەی بچنە ناو ئەم جەنگەوە و سنوری هیچ وڵاتێک نابڕێ بە فەرمی .




بە تێکۆشان و کۆڵنەدان دەگەین بە ئامانجەکانمان ... ل٣
دەمارگیری کوێرانە ... ل٤
خێزانەکان جوانی پەروەردە دەپارێزن ... ل٥
هەنسک و هەرمێ ... ل٦
چەمکی (نائومێدبوون) لای شاعیرانی کوردوچەند نموونەیەکی شیعریی ... ل٧
عەتا قەزاز ... ل١٠
کۆمەڵکوژی حامیەی شار ... ل١٢
ململانێ لەسەر دەسەڵات ... ل١٣
دیموکراسیەتی بێ عەلمانیی!! ... ل١٤
هەڵبژاردنی پەرلەمانی سویسرا و دەرئەنجامەکانی ... ل١٧
سەروەری مەلاشاخی ... ل٢١
فەلەستین بە کوردی ... ل٢٣

# چەند کۆپلەیەک لە قەسیدەی "دەنگی پێی ئاو" ی سوهراب سپهری بە وەرگێڕانی "ئازاد بەرزنجی" لە کتێبی "عاشق هەمیشە تەنیایە" هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی سوهراب سپهری و ژیانی. چاپی پێنجەم




گەلێ شتم دی لە سەرزەوی:
مناڵێکم دی بۆنی مانگی ئەکرد.
قەفەسێکی بێدەرگام دی تیایدا، ڕووناکی باڵی لێکئەدا .
پەیژەیەک.. عیشق پیایدا بۆ سەربانی ئاسمان ئەچوو .
ژنێکم دی لە دەسکەوانا نووری ئەکوتا .
نیوەڕۆ لەسەر سفرەکەیان  نان هەبوو، سەوزە هەبوو،
قاپی پڕ لە شەونم هەبوو، جامی داخی مەحەببەت هەبوو.
گەدایەکم دی
ئەم دەرگاودەرگا ئەگەڕا، سواڵی ئاوازی کلاوکوڕەی ئەکرد .
کەناسێکم دی سوجدەی بۆ توێکڵی کاڵەکێ ئەبرد.
بەرخێکم بینی کۆلارەی ئەخوارد.
گوێدرێژێکم دی لە وێنجە ئەگەیی.
لە لەوەڕگای (نەسیحەت) دا گایەکم دی تێر.
شاعیرێکم دی کە گوڵەسەوسەنی بانگ ئەکرد پێی ئەوت: جەنابتان .
من کتێبێکم دی، وشەکانی لە جنسی بلوور.
کاغەزێکم دی، لە جنسی بەهار.
مۆزەخانەیەک دوور لە سەوزایی ،
مزگەوتێ دوور لە ئاو.
لای سەرینی فەقێیەکی بێهیواوە، گۆزەیەکم دی
سەرشار لە پرسیار .
هێسترێکم دی بارەکەی (ئینشا)،
حوشترێکم دی باری سەبەتەی بەتاڵی پەندی پێشینان .
عارفێکم دی باری (تەنەناها یاهو).
قیتارێکم دی ڕووناکیی ئەبرد.
قیتارێکم دی فیقهی ئەبرد و چەند قورس ئەڕۆیی.
قیتارێکم دی سیاسەتی ئەبرد (و چەند بەتاڵ ئەڕۆیی).
قیتارێکم دی تۆوی نیلۆفەڕ و ئاوازی کەناریی ئەبرد.
----------------
لە هەرکوێ بم
ئاسمان هی منە.
پەنجەرە، بیر، هەوا، عیشق، زەوی هی منە .
چ بایەخێکی هەیە گەر هەندێ جار
قارچکەکانی غوربەت بڕوێن؟
من نازانم
بۆچی ئەڵێن: ئەسپ حەیوانێکی نەجیبە، کۆتر جوانە.
بۆ کەس لە قەفەسی خۆیدا داڵ ڕاناگرێ؟
گوڵی وێنجە چیی لە گوڵاڵەسوورە کەمترە؟
ئەبێ چاوانمان بشۆین، بەجۆرێکی دی بڕوانین.
ئەبێ وشەکان بشۆین.
وشە ئەبێ خۆی "با"، وشە ئەبێ خۆی باران بێ.
ئەبێ چەترەکانمان  تووڕ دەین.
بەژێر بارانا ڕێ بکەین.
ئەبێ بیرو یادەوەریمان بدەینە بەر باران.
ئەبێ لەگەڵ تەواوی خەڵکی شارا بەژێر بارانا  ڕێ بکەین.
ئەبێ لەبەر بارانا یارانمان ببینین.
ئەبێ لەبەر بارانا بەدووی عیشقا بگەڕێین.
ئەبێ لەبەر بارانا لەگەڵ ژنا بخەوین.
ئەبی لەبەر بارانا یاری بکەین.
ئەبێ لەبەر بارانا، بدوێین، نیلۆفەڕ بڕوێنین.
ژیان تەڕبوونی پەیتاپەیتایە.
ژیان مەلەیە لە ئەستێرکی (هەنووکە) دا.
با جلەکانمان فڕێ دەین:
ئاوەکە هەنگاوێ دوورە.

# بە تێکۆشان و کۆڵنەدان دەگەین بە ئامانجەکانمان..



رەزا شوان
نەرویج/ ٢٠٢٣

هەریەکە لە ئێمە، ئامانجێك یا زیاتر لە ئامانجێکمان لە ژیانماندا هەیە. کە هیواخوازی هێنانەدییانین. بەڵام دەبێت ئەم راستییە بزانین، کە هیچ هیوا و ویست و ئامانجێک، تەنیا بە خوزگە و هیواخوازی و زیندەخەون و خەیاڵ پێلاو نایەنەدی. بەڵکو لە سایەی تێکۆشان و هەوڵدان و شەونخونی و ئازایەتی و بڕوابەخۆبوون و پشوودرێژی و خۆڕاگری و کۆڵنەدان و قوربانیداندا دێنەدی. تا ئامانجەکانمان گەورەتر و باڵاتربن، پێویستیمان بە هەوڵدان و بە تێکۆشانی زیاتر و سەختر هەیە.

بەر لە هەموو شتێک، پێویستیمان بە ئەندێشەیەکی فراوان و بە بیرکردنەوەیەکی قووڵ و بە پێشبینی و بە دووربینی و بە لێکدانەوەیەکی ورد و بە پلانێکی تۆکمە و بە نەخشەرێگایەکی ستراتیژیی دارێژراو هەیە. چونکە دەستپێکردن بە کارکردن و بە تێکۆشان، بەبێ پلان و بەبێ نەخشەرێگایەکی دیاریکراو، بۆ هێنانەدیی هیوا و ئامەنجەکانمان، هەوڵدانێکی نەزۆک و کات بە فیڕۆدانە.

کەواتە دیاریکردنی ئامانج و دانانی پلان و نەخشەڕێگا و ئیرادەیەکی بەهێز و ئازایەتی و بوێری و تێکۆشان و بڕوابوون بە تواناکانی خۆمان، راز و کلیلی سەرکەوتن و گەیشتنمانە بە هیوا و ئامانجەکانمان. پێویستە ئەوەش بزانین کە ژیان تێکەڵاوییەکە، لە پێکەنین و لە گریان، لە سەرکەوتن و لە شکستی، لە شێنەیی و لە تەنگانە، لە شیرینی و لە تاڵی. نابێت هەرگیز خۆمان بەدەستی رەشبینی و نائومێدییەوە بدەین. کۆڵنەدەین و سووربین لەسەر هێنانەدیی ئامانجەکانمان. تەنیا ئەو کەسانە شکست دێنن، کە خاوەنی ئیرادەیەکی بێهێزن و کۆڵدەدەن و دەست لە تێکۆشان هەڵدەگرن.

(لۆرد ئاڤیبوری) دەڵێت:"بۆ سەرکەوتن و پێشکەوتن، سێ شت پێویستە، یەکەم ئیرادە، دووەم ئیرادە، سێیەم ئیرادە".

(سامۆیل سمالیز) یش دەڵێت:"بۆ مەلەکردن بە ئاراستەی پێچەوانەی رووبار، پێویستی بە هێز و غیرەت و تێکۆشانی سەخت دەبێت. ئەگەر وانەبێت، هەموو گەلحۆیەک دەتوانێت بە پێچەوانەی جووڵەی ئاو بڕوات".

بێگومان سەرکەوتنمان و هێنانەدیی ئامانجاکانمان، لە شەو و رۆژێکدا نایەنەدی. پشوودرێژی و خۆڕاگرییان دەوێت. کە بڕیارێکی تۆکمەمان دا، پێویستە بە کرداری جێبەجێی بکەین. بڕواشمان بە ئەم پەندە هەبێت، کە دەڵێت: "رێگایەکی هەزار کیلۆمەتری، هەنگاو بە هەنگاو دەبڕێت".

مرۆڤی ئازا و بوێر و باوەڕبەخۆ، هەرگیز کۆڵنادات و دان بە ئەستەمدا نانێت. ئەگەر حەوت جاریش شکست بهێنێت، بۆ جاری هەشتەم هەڵدەستێتەوە سەر پێیەکانی و بە گەشبینییەکی زیاترەوە، درێژە بە تێکۆشان و بۆ پێشەوەچوون دەدات، سوورە لەسەر سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجی.


باشترین نموونە، کەڵە زانای ئەمریکی و جیهانی (تۆماس ئەدیسۆن: ١٨٤٧ـ ١٩٣١) کە بۆ داهێنانی کارەبا، لە (٩٩٩) تاقیکردنەوەدا شکستی هێنا. بەڵام کۆڵینەدا و هەمیشە دەیوت:"رێگایەکی تر بۆ سەرکەوتن هەیە". درێژەی بە تاقیکردنەوەکانی دا. تا لە (١٠٠٠) رەمین تاقیکردنەوەیدا، سەرکەوت و وزەی کارەبای داهێنا.

(ناپلیۆن) دەڵێت:" لە بەرامبەر ورەی پۆلاییندا، دەسەڵاتێک نابینم کە هاوتای بەرگری کردن بێت".

پێویستە هەردەم گەشبین و ئومێدەواربین، سووربین لە تێکۆشان بۆ هێنادیی خواست و ئارەزوو و ئامانجەکانمان. هەزاران رێگاش بەرەو سەرکەوتن دەڕۆن. ئەگەر رێگایەک لەسەرمان داخرا، پێویستە رانەوەستین و وازنەهێنین و رێگایەکی تر بگرینەبەر و درێژە بە رەوتی تێکۆشانمان بدەین. وەکو ئەم پەندە ئەڵمانییە دەڵێت:" گۆی زەوی لە بەردەست کەسانی تێکۆشەر دایە".

شاعیرێکیش دەڵێت:" ئەوەی ویستی بگات بە خۆر.. بۆ هێنانەدیی هیواکانی، بە تیشکەکانیدا خۆی هەڵزنی بۆ ئەوەی بۆ لای خۆر سەربکەوێت".




پێویستە هەمیشە چاوبڕینە: ئامانجێکی باڵاتر، سەرکەوتنێکی گەورەتر، داهاتوویەکی گەشتر. دەتوانین بە ورەیەکی بەرزەوە رووبەڕووی بەرهەڵستی و کێشەکانمان ببینەوە و زاڵبین بە سەریاندا. هەرگیزیش دان بە ئەستەم و نابێدا نەنێین.

سەرۆکی ئەمریکا (جۆن کەنەدی: ١٩١٧ـ ١٩٦٩) لە ساڵی (١٩٦١) دا، بڕیاریدا کە مرۆڤ بنێرن بۆ سەر مانگ و بە ساغیش بیگرێننەوە بۆ سەر زەوی. ئەم بڕیاری کەنەدی، تەحدای ئەستەم بوو، ئەوەبوو ئەمریکا، سێ کەشتییەوانی ئاسمانی (نیل ئارمسترۆنگ) و (باز ئاڵدرن) و (مایکل کۆلینز) لە رێی رۆکێتی (ئەپۆلۆ ـ ١١) وە ناردیانن بۆ سەر مانگ. بۆ یەکەم جار ئارمسترۆنگ و ئاڵدرن لە (٢٠/ یۆلیۆ/ ١٩٦٩) دا، لەسەر مانگ دابەزین. هەرسێکیشیان بە ساغی گەڕانەوە بۆ سەر زەوی. سەلماندیان، کە لە بەردەم بڕیاری تۆکمە و ورەی پۆلایین و ئیرادەیەکی بەهێزدا، شتێک نییە کە ناوی ئەستەم بێت.

# دەمارگیری کوێرانە



عومەر مەحمود

دەمارگیری چەندین جۆری هەیە :
دەماگیری نەتەوەیی .
دەمارگیری ئایینی .
دەمارگیری مەزهەبی .
دەمارگیری داب و نەریت .
دەمارگیری حیزبی .
دەمارگیری بۆ ناوچەو خێڵ و گروپ و تەنانەت خێزان و چەندین جۆری تر .

دەمارگیری کوێرانەی مرۆڤ چیە؟
چۆن سەرهەڵدەدا ؟
با بەنمونەیەک رونی بکەینەوە :
پیاوێک لەشوێنێکی دوور لەئاوەدانی دەژی .
بیرێکی ئاو لەبەردەم ماڵەکەیدا هەیە.
بیرێکی تر کاتژمێرە رێیەک بەپێ لەماڵەکەی دوورە .
هەرچی بیرەکەی بەردەم ماڵەکەیەتی ،
لە باوکی بیستووە کە ئەویش لە باوکی خۆی بیستووە وئەویش لەخەڵکی تری بیستووە ، بە هۆکارێک لە هۆکارەکان خواردنەوەی ئاوەکەی زۆر مەترسیدارە و نابێ بخورێتەوە .
بۆیە ، ماوەی( ٣٠) ساڵە ئەم پیاوە هاوین و زستان ، بەسەرماو گەرما دەچێ لەو بیرە دوورە ئاو دێنێ .
تا ئەو کاتەی پیاوێک دێت و لەتەنیشت ئەو نیشتەجێ دەبێ .
واتا دەبێتە دراوسێی .
کاتێ ئەم دراوسێ نوێیە دەست دەکا بە دەرهێنانی ئاو لەبیرە نزیکە کە ، ئەم خێرا دەچێتە لای و پێی دەڵێ :
نەکەی ، ئاوی ئەم بیرە بۆ خواردنەوە شیاو نیە و مەترسیدارە .
بەڵام دراوسێ نوێیەکە ، گوێی بەقسەکەی نادا و پێی دەڵێ ئاوی ئەم بیرە خاوێنەو هیچ کێشەیەکی نیە . ئاوی دەرهێناو خواردیەوە.
ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ، دوای خواردنەوەی ئاوەکە هیچ شتێک لەم دراوسێ نوێیە رونادا و هیچ زیانێکی پێ ناگات .
ڕۆژگار تێدەپەڕێ و ئەم دراوسێ نوێیە بەردەوام لەئاوی ئەم بیرە دەخواتەوە .
نەزیانی پێدەگاو و نە هیچ ڕوودەدا .
پیاوەکەی تر دەچێتە لای باوکی و هۆکاری مەترسیداری خواردنەوەی ئاوی بیرەکەی لێ دەپرسێ .
باوکی دەڵێ : من نازانم کورم ،هۆکارەکە چیە. تەنها لەباوکی خۆم بیستووە خراپە .
بەبیستنی ئەوە ئەوەندەی تر سەری سوڕدەمێنێ و تورە دەبێ .
چۆن دەکرێ ئەم هەموو ساڵەو لەمنداڵییەوە رۆژانە ئەم هەموو رێگایە ببڕێ بۆ ئاو هێنان و دواتر ئەم پیاوە بێت و هەموو ئەم هیلاکی و ماندو بونەی ئەو هەموو ساڵەی پێنرخ و بێمانا بکا.
چەندی کرد ئەم ڕاستیەی پێ قبول نەکرا .
بۆیە بەبیانیەک زوو لەخەو هەڵدەستێ و لاشەی مەڕێکی مردار فڕێدەداتە ناو بیرەکەوە و ئاوەکەی خراپ دەکا .
پرســـــیار :
باشە بۆچی بەزەیی بە خۆیدا نەهاتەوەو خۆی لە ماندوبونی ئەو ڕێگا دوورو درێژەی بیرە دوورەکە ڕزگار نەکردو ئاوی بیرە نزیکەکە بەکار بهێنێ ، دوای ئەوەی زانی ئاوەکەی خاوێنەو کێشەی تێدا نیە؟
باشە ئەمە شێتی نیە؟
وەلام :
بێگومان ئەوە شێتیە .
بەڵام نەیتوانی بەرگەی ئەو بیرۆکەیە بگرێ کە تەمەنێکی دوورو درێژی بەهۆی بیرو باوەڕێکی نادروست و هەڵەوە لەکیس چووە .
بۆیە هات و ویستی ئەو بیرو باوەڕە هەڵە و نادروستە بە ڕەفتارێکی گەمژانەو هەڵە بکاتە ڕاستی .
هەر لەبەر ئەوە ئاوی بیرەکەی خراپ کرد .
هەندێ کەس ئاوان .
کاتێک بۆی دەسەلمێنی کە بیرو ڕاکەی هەڵەیە و دروست نیە . پێی قبول ناکرێ و لێت دەبێتە دوژمن .
چونکە بەشێوەیەک وەریگرتووەو لەسەری ڕاهاتووە ، لای بۆتە یاسای سروشت . یاسایەک کە ناکرێ هەڵەی تێدابێ .
هەر کاتێ تۆ دێیت و پایەکانی ئەم بیرو بۆچونەی کە ئاخنراوەتە مێشکیەوە لێ دێنیتە لەرزە و بۆی دەسەلمێنی ئەوەی لەسەری ڕاهاتووە و پێی وایە ڕاستی ڕەهایە ، بەو شێوەیە نیە کە ئەو تێیگەیشتووە یان تێی گەیەندراوە و دەکرێ هەڵەی تێدابێ ،لێت قبول ناکاو پەلامارت دەدە ئا ئەمەیە دەمارگیری کوێرانە.

## سروشت و ژینگە
## عبدالرحمن تاوگۆزی



بــاخچە یا شـاری یاری
دارو درەخـت، گوڵـزاری
جێی ئاسودەیی خەڵکە
بۆ دڵخۆشی و بۆ کەڵکە
هەرکات چووینە ئەو جێیە
خواردن، هەرچیمان پێیە
جێی گشتییە ، لەو ناوە
فڕێی نادەین پاشماوە
پاکی سروشت و ژینگە
ژیــریــن لامـان گرینگە.

# خێزانەکان جوانی پەروەردە دەپارێزن



چنار عەزیز

خێزان لەبەرئەوە دادەمەزرێت چونکە کەس لە ئێمە خۆبژێو نییە و بە تەنیا ناتوانێت بژی. واتا تاکەکان لە شوێنێکدا کۆدەبنەوە و پێکەوە دەژین و دەبن بە یاریدەدەری یەکتر ئەو شوێنەش پێی دەگوترێ خێزان، ئاڵوگۆڕکردنی ڕێز و خۆشەویستی و وەفا بۆ یەکتر دەبێتە هۆی پتەوتر کردنی پەیوەندییە خێزانییەکان. بۆ بەردەوامی ئەم خێزانەش ڕێز و بەهای کەسی و خۆشەویستییە، ئەگەر بپرسین چۆن خێزان ئەمانە ئامادە دەکات؟ لێرەدا دوو کەس بۆ ئامادەکردن و دروستکردنی ئەمانە پێویستە ئەویش دایک و باوکە، دایک و باوک دەبێت کارەکانیان و هەوڵەکانیان بۆ هەموو ئەندامانی خێزان بێت بە یەکسانی چونکە هەموو تاکێک بە سروشتی خۆی جیاوازە و لە یەکتر ناچێت.

خێزان و تاکەکانی ناو خێزان بەهۆی پەروەردەوە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە و پەیوەندییەکی گەورەیان بەیەکەوە هەیە و بەئاسانی لەیەکتر جیاناکرێنەوە، لەبەرئەوە خێزان و تاک دوو کایەی ناکامڵن بەهۆی پەروەردەوە دەبنە تەواوکەری یەکتر. بەهۆی پەروەردەوە ڕێز و خۆشەویستی و وەفا بەرهەم دەهێنن. بناغەیەکی پتەوی خیزانی بەو میهرەبانییەی هەیانە دروست دەکەن، کە لە بنچینەدا لە خێزانی پڕ لە خۆشی دەچێت، بەڵام دایک و باوک ناتوانن لەپردا پەروەردەیەکی باش بۆ منداڵەکانیان دەستەبەر بکەن ئەگەر سەرەتا خودی خۆیان پەروەردە نەکردبێت و کەسایەتی خۆیان باش دروست نەکردبێت. ئەمە وەکو جەنگێک وایە هیچ کەسێک ناتوانێت قەڵغان و شمشێر و چەکێکی تر هەڵبگرێت، هیچ چەکێک کەسەکە ناکات بە جەنگاوەرێکی ئازا ئەگەر نەزانێت چەک بەکاربهێنێت و مەشقی نەکردبێت.

پرۆسەی پەروەردەکردنی منداڵ لەسەرەتای پرۆسەکە زۆر گرنگە، چونکە ئەو پەروەردەیەی فێری بووە لەگەڵ تەمەنیدا گەورە دەبێت. دایک و باوک لە تەمەنی زوودا وەک ئاسنێکی نەرم دەتوانن بە پەروەردەیەکی باش کاری لەسەر بکەن و کەسایەتیەکی جوانی بۆ دابڕێژن. واتا پەروەردە چۆن بچێتە مێشکی منداڵەوە بەو جۆرە مامەڵە دەکات و لەگەورەبووندا سرینەوەی سەختە.

باشترین شت لەناو خێزاندا ئەوەیە کە ژینگەی ماڵەوە برازێرێتەوە، بە پڕکرنەوەی پێداویستییەکان، هەڵبەت بەپێی توانای ئابووری خێزان، دەبێت خێزان تاکەکانی ناو خێزان ڕا بهێنن لەسەر ئەو توانا ئابوورییەی کە هەیە، ڕێز و خۆشەویستی، پەروەردە بەبێ ئەمانە هیچ ئەنجامێکی نابێت،

لە ژیاندا هەموو کەسێک بایەخ بەو شتە دەدات کە خۆشی دەوێ، پەروەردەش یەکێکە لەو شتە خۆشەویستە، پارێزەری ئەو شتەش دایک و باوکە کە پێویستە لە پرۆسەی پەروەردە کردنەکەیاندا پیرتر بن و هەروەها باشترینی دایک و باوک ئەوانن کە لە پرۆسەی پەروەردەدا باشترینە و ئەزموونداترینە تا بتوانن پەروەردەیەکی باش بۆ منداڵەکانیان دەستەبەر بکەن. لە کتێبی کۆماری ئەفلاتۆن لاپەرە 126 دەڵێت، ئەگەر هاوڵاتیان لە منداڵییەوە فێربکرێن ، دەبن بە کەسانی ژیر وهۆشمەند، خۆیان چاکەکان دەبینن و دەزانن چ شتێکیان پێنەدراوە. لەبەرئەوە ئەگەر منداڵان لە سەرەتای تەمەنیان باش پەروەردە بکرێن، گەشەکردن و گەورەبوونیش ئەنجامی باشی دەبێت. لە کتێبی کۆماردا دەڵێت، پەروەردە و فێرکردنی چاک کەسانی چاک و سوود بەخش دەهێنێتە کایەوە، کەسانی چاک پەروەردە کراو و خوێندەواریش لە نەوەکانی پێشووتریان چاکتر دەردەچن، نەوەی چاکتریان لێدەبێتەوە. کەواتە پەروەردە کردن ئامانجی تەواوکردن و دروستکردنی مرۆڤێکی نوێیە بە چاکی یان بە خراپی، بۆ نموونە خوری کە ڕەنگی مۆر بکرێ، سپیترین خوری هەڵدەبژێرێ و بە چەند پرۆسەیەکدا دەیبات و خورییەکەش ڕەنگە مۆرەکە بە هێواشی هەلدەمژێت. کە بە شووشتن لێنابێتەوە. کەواتە پرۆسەی پەروەردەکردنی منداڵیش هەروایە، منداڵ لە سەرەتاکانی تەمەنیدا کاتێک بیرکردنەوەیەکی سادەی هەیە وەک ڕۆسۆ دەڵێ مێشکی منداڵ وەک لاپەرەیەکی سپی وایە ئەوە پەروەردەیە دێت ئەو کەسە بەکەسایەتی و لێهاتوویی و زیرەکی و بوێری ڕەنگ دەکات.

## ساویلکە

ستار ئەحمەد



ئیتر شتێك نەما بۆ عەشق
داستانێك نانووسرێتەوە
ئەفسانەیەك ڕوونادا
لەمەودوا بەرد دەزێ
لوتکە گوڵزار هەڵدەواسێ
ئەو ڕۆژانە چوون
قوربانیی میوانت بوو
هەناسە پەرچەمتی دەسرەوان
ماچ لێوانتی ختووکە دەدا
قەڵەم فرمێسکی بۆت هەڵدەڕشت
پەرە زامەکانتی دەپێچایەوە
تۆ کەسێکی زمانت پارەو
چاوەکانت بۆ فریو خوارە
دەمت کوانووی درۆیە
پەرچەمت ئاگری خیانەت
لەئەمەك بێز دەکەیتەوە
بەڕاستی دەخنکێی
لەئاستی عەشق کوێری
بەتاوان فێری
لەخۆشی خۆت بەولاوە
خۆشەویستی هەر ناناسی
وەکوو ژەهراو
ڕاستی بەهەڵچوون دەتکوڵێنێ
لەکوێ درکێك ببینی
وەك بایەقووش بۆی دەخوێنی
کاڵفافی دەروونت دەکا بەزیندان
کەللە ڕەقی لەدارت دەدا
چیت بۆ بکەی
هەر چاوی لێدەنووقێنی
تاوان بەتاوان دەگرێنی
ساویلکەیی
بازاڕی حەزت گەرم دەکا
بۆ نەزان سەر دادەنوێنی
لەکاسەی سەری خۆتا
خوێناوی پاکی دەنۆشی
نەئێستاکە دەتوانی بسرەوی
نەخەونی شادی دوا ڕۆژی

# هەنسک و هەرمێ
## (چیرۆک بۆ منالان)
عوسمان دەروێش



هەموو ڕۆژێک هەنسک بەهۆی هەرمێی خوشکیەوە لە مەکتەب دوا دەکەوت ، چونکە هەرمێ بە دەیان جار بانگکردن لە خەو هەڵنەئەستا و لە بەرچایی کردنیشدا زۆر خاوە خاوی دەکرد ، پاشان جارێ بۆ گۆرەوییەکانی دەگەڕا و دەمێ نەیدەزانی قردێلەکەی لەکوێ هەڵگرتووە ، ئینجا دەستی بەگریان دەکرد و دەیوت .. نووسینم هەیە و نەمکردووە .

بەو شێوەیە هەنسکی خوشکیشی لەگەڵ خۆیدا دوا دەخست ، چەندێ دایکی ئامۆژگاری دەکرد کەڵکی نەبوو ، تا ڕۆژێک بەڕێوبەری قوتابخانەکەیان بە هەنسکی گوت .. ئەوە سێ ڕۆژە بە هەرمێی خوشکت دەڵێم .. دایکت یان باوکت بابێن سەردانمان بکەن ، بەڵام تا ئێستا پێی نەوتوون ، ئەمرۆ تۆ پێیان بڵێ با یەکێکیان بێن سەردانمان بکەن .

هنسک دایکی ئاگەدارکردەوە ، بۆ سبەی ڕۆیشت بۆ لای بەڕێوبەرەکەیان ، مامۆستاکانی هەنسک و هەرمێ لای بەڕێوبەر دانیشتبوون ، لەبارەی هەنسک و هەرمێ وە گفتوگۆیان کرد ، مامۆستاکەی هەنسک گوتی .. تا بڵێی هەنسک قوتابیەکی ژیر و گوێڕایەڵە ، زیرەکترین قوتابی پۆلەکەیەتی ، بەڵام زۆر جار دوادەکەوێ و درەنگ دەگاتە مەکتەب ، تکادەکەم زووتر ڕەوانەی بکەن ، هەرچەندە لەبارەی دواکەوتنەکەیەوە پرسیارم لێکردووە ، هۆکارەکەی دەخاتە ئەستۆی هەرمێ ی خوشکی .

مامۆستاکەی هەرمێ گوتی .. بەڵێ ڕاستدەکات ، دەزانم هۆی دواکەوتنی ئەویش هەرمێیە ، چونکە ئێستا هەرمێ لە پۆلی سێیە بەڵام تا ئێستا بەتەواوی پیتەکان ناناسێت ، لە بیرکاریشدا زۆر لاوازە .

ئینجا بەڕێوبەرەکە بەدایکی هەنسکی وت .. هەنسک پۆلی چوارە و قوتابیەکی باشە ، هەموو مامۆستاکانی خۆشیان دەوێت ، بەڵام دەبێت بە ئێمە و ئێوەشەوە هەوڵدەین هەرمێ چارەسەر بکەین ، واز لە تەمەڵی و خاوەخاو بێنێ ، وا تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵیش نزیک بووەتەوە ، ئەگەر هەوڵی لەگەڵدا نەدرێت و هەر وا بمێنێتەوە ، ئەوە دەرناچێت و ڕەنجی بەزایا دەچێت .

دایکی هەنسک و هەرمێ سوپاسی خەمخۆریی مامۆستاکانی کرد و گەڕایەوە بۆ ماڵ .

نیوەڕۆ هەردوو خوشک گەڕانەوە ، هەنسک پێڵاوەکانی جووت کرد و لە پەنایەکدا بە ڕێکی دانیان ، گۆرەوییەکانیشی داکەند و لەسەر دەسشۆرەکە داینا ، ئینجا جلەکانی داکەند و لەگەڵ جانتاکەیدا پێکەوە دایانان ، دوای ئەوەی گۆرەوییەکانی شۆری ، ئینجا پاک دەست و دەم و چاوی بە ئاو و سابون شۆری لە پاشان ماچێکی دایکی کرد و بۆ نیوەڕۆژە بەتف تەنیشتیەوە دانیشت .

دایکیان گۆشەیەکی چاوی هەر لەسەریان بوو ، تا بزانێ هەنسک چی دەکات و هەرمێ چی دەکات .

هەر لە دەرگای حەوشە هاتە ژوورەوە ، هەرمێ تاکێ پێڵاوەکانی داکەند و لەوێ بەجێی هێشت ، ئەوەی دیکەیانی بە نووکی پێ هەڵدایە ناو باخچەکەیانەوە ، بەبێئەوەی دەست و دەم و چاوی بشوات و گۆرەوی و جلی مەکتەبەکەی داکەنێ ، بەبێ سڵاو دانیشت ، وتی .. برسیمە .

دایکی هێشتا داخی قسەکانی مامۆستاکەی لە دڵدا بوو ، کە چەن شەرمەزار بوو لە ئاستیان ، پێی وت .. ئەگەر لە ئەمڕۆوە ئەم ڕەوشتانەت نەگۆڕی ، وەکو هەنسک نەبیت ئەوە نانیشت نادەمێ .

جارێ برۆ پێڵاوەکانت جووت بکە با بەیانی بەدوایدا نەگەڕێی ، پاشان گۆرەوییەکانت دانێ ، وەکو خوشکەکەت دەستێ سابونیان لێدە ، خۆت بگۆڕە و دەست و دەم و چاوت بشۆ ، ئینجا بڵێ برسیمە .

چەن هەوڵیدا ، وتی .. دوایی خۆم دەگۆڕم ، دایکی چێشتی بۆ تێنەکرد ، ناچار بوو هەموو ئەو کارانەی کرد کە دایکی پێی وتبوو .

ئینجا پێکەوەنانیان خوارد ، دوای نان خواردن هەنسک جانتاکەی هێنا ، دەستی بە نووسینی ئەرکەکانی کرد ، هەرمێی خوشکی چوو ئایپادەکەی هێنا و دەستی بەیاری ئەتاری کرد ، دایکی بانگی لێکرد ، پێی وت .. ئاخر ئەمە هۆکاری تەمەڵییەکەتە ، ئەمڕۆ هاتم بۆ مەکتەبەکەت ، مامۆستاکانت زۆۆۆر بە گلەیی بوون لێت ، دەیانوت .. تەمەڵە ، دەی بچۆ کتێبەکانت بێنە ، لای خوشکەکەتەوە دانیشە ئەرکەکانت بنووسە ، پاشان بخوێنە ، سەیری هەنسک بکە ، ئەو چیکرد ، تۆش وابکە .


هەنسک پێی وت .. هەرمێ گیان ، پێکەوە ئەرکەکامان دەنووسین و پاشان کەمێک دەخوێنین . ئینجا پێکەوەیاری دەکەین .

دایکیشی سور بوو لەسەر ئەوەی تا بەخۆیدا نەچێتەوە ، هیچ خزمەتێکی نەکات ، لەدوای چەند ڕۆژێک هەرمێ ڕاهات لەسەر ئەو بەرنامەیەی هەنسکی خوشکی هەیبوو ، ئەویش وەکو ئەو بەشەو زوو دەخەوت و بەیانیانیش زوو خەبەری دەبووەوە .

دایکی و مامۆستاکانی هەستیان پێکردبوو ، هەرمێ ڕۆژ لەدوای ڕۆژ باشتر و زیرەکتردەبێت .

ئەنجامی تاقیکردنەوەکان ڕاگەیەنرا ، مامۆستا ئافەرینی کرد و بە قوتابییەکانی وت ... چەپڵەیەک بۆ دووەمی پۆلەکەتان لێدەن .

## شەمامە
سەردارقادر



واهاتمە وە لەلادێ
بۆنی بێستانم لێ دێ
دەی وەرە بۆلام هاوڕێ
باشەمامەت بدەمێ
بەیانیان دەبووم بەشوان
دەڕۆشتم بۆسەرکێوان
لەگەڵ بەرخۆلەی ساوا
دەچووم بۆدەشت و چیا
ئای چەند خۆش بووئێواران
سەیرانی باخ و بێستان
پێش ئەوەی خۆرئاوابێ
دەهاتمەوە بۆناودێ
شەوان بەچەپڵەڕێزان
دەبووبەئاهەنگ گێڕان
**************

# چەمکی (نائومێدبوون) لای شاعیرانی کوردوچەند نموونەیەکی شیعریی



نوسینی: تەها عومەر

ئەوکاتەی مرۆڤ ئەگاتە دواترۆپکی نائومێدبوون ، کاتێک جوانییەکان کاڵ دەبنەوەوبەهابەرزەکان هەرەس دێنن و وەفاوخۆشەویستی ومرۆڤدۆستی دائەرمێن ، لەزەمەنێکدا کەجوانییەکان قێزەون دەردەکەون وناشیرینیەکان ئاوریشم دەپۆشن وجوانترین ئارایشت دەکرێن ، کاتێک شیرازەی هەمووجوانییەکان دەپچرێن ، هیچ نامێنێتەوە ئاوات خواستن نەبێت بەرابردوو ، خەون وخەیاڵی گەرانەوەبۆسەردەمەجوانەپرلەموحیببەتەکانی زوو . هەمووئەمانە گەرلای مرۆڤێکی ئاسایی قورس وگران بن ئەی ئاخۆلای شاعیرونووسەروهونەرمەندێک کەخاوەن خەیاڵ ودنیابینییەکی فراوانە ئەبێ چۆن بکەوێتەوە؟! دووجەنگی گەورەی جیهانیی مرۆڤایەتییان تووشی نەهامەتی ودارووخانێکی گەورەی ئابووری وکۆمەڵایەتی ودەروونی ورۆحی کرد وشارستانێتییان چەندبەچەند گەراندەوەبۆدواوە . لەدوای جەنگەجیهانییەکانەوەجۆرەهارێبازی ئەدەبی وهونەری پەیدابوون کەتەعبیریان لەونەهامەتییانەدەکرد ، دوای جەنگی جیهانیی یەکەم رێبازی دادایزم وسریالیزم لەدایک بوون ، کەتەعبیریان لەنائومێدبوونی مرۆڤ ئەکرد ، داداییەکان هێندەرەشبین بوون خۆیان شاعیروهونەرمەندبوون وکەچی گاڵتەیان بەهونەروئەدەب ئەهات ، بەپێناسەی ئەوان دەبووئەدەب وشیعروهونەر خاڵی بن لەماناوتەعبیرلەهیچ وپووچی وپووچگەرایی بکەن ، سمێڵیان بۆپەیکەرەکەی مۆنالیزادرووست دەکردو پیشانگایان لەشوێنی نادروستی وەک ئاودەستخانەدەکردەوە ، رێبازی وجوودیەت وعەبەسیەت پەیدابوو ، شانۆگەریی لەچاوەروانیی گۆدۆداوبەردی سیزیف باسیان لەچاوەڕوانیی بۆ ئاکام وبێ بەرهەمی مرۆڤ دەکرد . نووسەرانی گەورەی وەکو ساموێل پیکێت وجان پۆڵ سارتەرو سی مۆن دۆبۆڤوارو ئەلبێر کامۆ ئەمانەهەرچەندەلەلوتکەی رەشبینیشدابوون بەرامبەرهەمووشتێک بەلام دواجاردەیانویست نرخ وشکۆوکەسێتی بۆتاکەکانی کۆمەڵگا بگێرنەوە .

دیارە بێگومان ئەدەبی کوردیش بەدوورنەبووەلەم هەمووبارودۆخەدژوارەوکاتێک شاعیرانی کوردخەونیان بەپاشەرۆژێکی رووناکەوەبینیەوبۆکۆمەڵگای کوردی ، کەچی بەپێچەوانەی خەونەکانیانەوەکۆمەڵگالەخەونی بێئاگاییدانغرۆبووبوون وتاکەکانی کۆمەڵگا سەرمەستی بەرژەوەندیی تایبەتی ونۆکەریی بێگانەونیفاق ودووروویی وهەڵپەی پارەوماستاوچێتی بوون ، بۆیەئەمانیش زۆرجار بێئومێد بوون لەهەمووشتێک وتوورەیی وداخی دڵی خۆیان بەشیعر هەڵرشتووە ، لەم رووەشەوەماموستافایەق بێکەسی شاعیر لەهەمووان زیاترداخ لەدڵەوشیعری لەوبابەتەی لەهەمووان زیاترە

والێرەداچەندنموونەیەک دێنینەوە :

لەشیعری (داخی دەروون) دادەڵێت:

کوردئەبەدناگاتەمەقسەدنۆکەری بێگانەیە<br>
دوودڵن پیسن لەگەڵ یەک بۆیەوابێ لانەیە<br>
میللەتێکن بۆنەمانی یەکتری هەرهەوڵ ئەدەن<br>
داخەکەم وردودرشتی شێت وشەیدای ئانەیە<br>
سەنعەت وعیلم ومەعاریف زەڕڕەیەک باوی نییە<br>
پیاوەتی لایان بەتەنهاچەفتەووجامانەیە<br>
تاکو دوایی

لەشیعری ( تووشی لافاوی عیلم بووم) دەڵێت<br>
تووشی لافاوی عیلم بووم وبەلام زوودەرپەریم<br>
سواری وایۆری جەهل بووم وبەناویاتێپەریم<br>
سەدشوکرئۆخەی نەجاتم بوو لەباسی عیلم وفەن<br>
نام گرن جارێکی تر بۆیەلەکەیفاهەڵپەریم<br>
گەرچی تائێستاوتوومە تێ بگەن زووبێ بگەن<br>
بەوقسانەم قەتعییەن باوەرمەکەن سەگ بووم وەریم<br>
خوێندەواری شێتییە هەرجەهلەئینسان سەرئەخا<br>
گەرلەمەولاناوی عیلمم بردبزانن سەرسەریم<br>
تاکودەڵێت :

شەرتەکەربم بارەگوێزم لێ بنێن خرەی نەبێ<br>
بادەمێ زۆروکەمێ وەک بێ غەمێ بۆخۆم بژیم<br>
دیارەشیعری تریشی زۆرەلەوبابەتەبەلام بۆئەم باسەهێندەبەسە .



یەکێکی ترلەوشاعیرانە قانعی شاعیری چەوساوەکانە ماموستاقانع لەشیعری چۆنیەتی زەمانەدا دەڵێت:

بێ حەیایی باوەئەمرۆ قوربەسەرداکاحەیا<br>
کەندەلان سەربەرزوشادەخۆی بشارێتۆچیا<br>
گوڵ ئەگەرئەقڵی ببێ قەت سەرلەخاک ناکاتەدەر<br>
چونکەرۆژی درک ودالەوگەرمیی بازاری گیا<br>
هەتادوایی

لەشیعری وەسیەت بەپێی رۆژگار دەڵێت<br>
ئەی رۆڵەنەبی تالبی ئینسانی یو ویژدان<br>
زینهار نەکەی مەیل وهەوای خوێندن وعیرفان<br>
خۆت کەرکەلەهاوارووسەدای شیوەن وگریان<br>
گەرتۆدەتەوێ رێت بدەنەمەجلیسی پیاوان<br>
دێوانەسیفەت ، هەرزەرەووش ، ئەحمەق ونادان<br>
هەتاکودوایی شیعرەکە

دیارەئەمیش شیعری لەوبابەتەی زۆرەبەلام باهێندەبەس بێ .

ماموستاکامەران موکری لەشیعرێکدا دەڵێت :

گوڵڵەی شادیم لەگەشیدایە<br>
هیچ بایەک نیە هەڵیوەرێنێ<br>
دڵیشم وەکوپارچەی پۆڵایە<br>
کەس توانای نیەتێکی شکێنێ

بەلام کاتێک دەبینێت لەکاروانی خەباتا بەتەنیایەوهاورێ وهاوخەباتەکانی جێیان هێشتووە لەداخی دڵی خۆی بێ ئومێدانە ئەم شاکارەجوانەدەنووسێت :

وەک بەتەنیا هەنگاو بنێم وەهایە<br>
کەس لەگەڵمابەرەورووناکی نایە<br>
ئەوکەسانەی هاورێگەمن وەک من نین<br>
چاوچنۆکن هەربۆگیرفانیان ئەژین<br>
هەش بەسەروزەبوون ئەوهەژارانەن<br>
کەچاوەرێی رەنجی درۆی ئەمانەن

شاعیری گەورە پیرەمێردی نەمریش دڵێت<br>
بڵێ : لە الحمد ئەم گەلی کوردە<br>
بۆشتی بێ فەرپەدەست وبردە<br>
نیفاق وفیتنەوجاسووسی وقومار<br>
تیایاشارەزان وەکودانی مار<br>
تاکۆتایی شیعرەکە

شاعیری عەشق وئەوین ماموستامەدهۆشیش دەڵێت<br>
خۆزگە ئەمزانی زەمانە حیزی بۆچ واخۆش ئەوێ<br>
وەک براوباوکی وەهایەنایەڵێ قەت ژێرکەوێ<br>
تاکو دەڵێت :<br>
خۆنەجیب وخانەدان ئێستاکە ناوی ون بووە<br>
نیشتمان پەروەربەشی لێدان وحەپسەوتیاچووە<br>
شیعروزانینیش وەکوخڵتەی قوراوژێرکەوتووە

لەکۆتایی نووسینەکەمدادەڵێم مەبەستم لەم نووسینەولەونموونەشیعرییانەئەوەنیە خەڵک ساردکەمەوە لەجوانیی ژیان ولەبەنرخیی دڵسۆزیی نیشتمان وهاورێیەتی و وەفاوراستگۆیی وگشت بەهاجوانەکان وئەوشاعیرانەش تەنهاداخی دڵی خۆیان هەڵرشتووە بۆپشتگیریی قسەکەیشم بەم دوودێرەبەرزەی شاعیری گەورە ماموستافایەق بێکەس کۆتایی بەنووسینەکەم دێنم

گەرچی هەندێ کەس خەریکن ورگ وگیرفان پرئەکەن<br>
شەوبەبێ خەم سەرئەنێنەسەرسەرین هەرسەرسەرین<br>
پیاوئەبێ دائیم خەمی قەوم و وڵاتی خۆی هەبێ<br>
ئەوکەسانەی بێخەمن حاشا نەوەی ئەم خاکەنین

بۆئەم باسەسوودم لەدیوانی ئەوشاعیرانەوەرگرتووەکەناوم بردوون :

دیوانی بێکەس ، دیوانی قانع ، دیوانی پیرەمێرد ، یانەی دڵان بەرگی دووەم(دیوانی مەدهۆش)



# "حیزبوڵاو ئێران لەشەڕی ئیسرائیلەوە تێوەبگلێن، هەموو ناوچەکە گڕدەگرێت"

## حەسەن نەسروڵاو عەلی خامەنەیی

## سایتی ئاوێنە

لەدوای هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل لە ٧ی ئۆکتۆبەر، مەترسی تەشەنەسەندنی شەڕەکە بۆ تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەئارادایەو ئەمەش ناوچەکەی نیگەران کردووە، بەتایبەتی کە سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل "بنیامین ناتانیاهۆ" بەڵێنی "جەنگێکی درێژخایەن"ی داوەو دەڵێت "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕین".

ڕۆژنامەی "لیبراسیۆن"ی فەرەنسی لەراپۆرتێکدا ئاماژە بەوە دەکات "هەرچەندە پێناچێت فراوانکردنی ڕووبەری شەڕەکە سوودی بۆ هیچ کام لەلایەنە پەیوەندیدارەکان هەبێت، بەڵام بچوکترین هەڵە یان هەنگاوێکی نەگونجاو، بەتایبەت کردنەوەی بەرەیەکی نوێ لەسەر سنورەکانی باکوری ئیسرائیل لەگەڵ لوبنان،و بە تایبەتی لەگەڵ حیزبوڵڵای لوبنان،و سەرەنجام لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، دەتوانێ لەئاستێکی زۆر بەرفراوانتردا شەڕێکی کۆنترۆڵنەکراو هەڵگیرسێنێت. هەر لەبەر ئەمە هەمووان هەریەکەو بەجۆرێک هەوڵ دەدەن ڕێگری لەم ئەگەرە بەهێزە بکەن کە ڕووبدات".

لیبراسیۆن دەڵێت لەم چوارچێوەیەدا ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی پەیامو هۆشداری ڕاستەوخۆیان بۆ حزبوڵای لوبنان ناردووە. لەم نێوەندەدا، پرسیارو گومانی جدی لە بارەی ڕۆڵو ستراتیجی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێگەی بریکارەکانی‌و هێزە هاوپەیمانەکانیەوە ماوەتەوە جێی سەرنجەو لەم ڕوانگەیەوە پشتیوانی لۆجستیکی کۆماری ئیسلامی ئێران لەکەتائیبی عێزەدین قەسام ، باڵی سەربازی ڕێکخراوی حەماس، مایەی مشتومڕە".

ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆک کۆماری فەرەنسا، لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە ڕاوێژکاری ئەڵمانیا ئامادەی بوو، ڕایگەیاند، "نابەوێت بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە لێدوان لەسەر تێوەگلانی ڕاستەوخۆی ئێران لەهێرشەکەی ٧ی ئۆکتۆبەر بدات".

بەوتەی سەرۆکی فەرەنسا، بەڵگەی هاوکاری کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ ڕێکخراوی حە ماس هەیە ، هەرچەندە تا ئێستاش زانیاری تەواوو دروستی لە مبارەیەوە نییە .

پێشتریش ئەنتۆنی بلینکن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لێدوانی هاوشێوەی لەم بارەیەوە دابوو. بەڵام دەیڤید ڕیگۆل-ڕۆز، سەرنوسەری گۆڤاری "ستراتیجی ئۆریان" بەئاماژەدان بە"داعش بوون"ی حەماس، ڕایگەیاندوە "هەموو قوفڵەکان شکاو هەموو گرێکان کرانەوە، ئەگەری شەڕێکی بەرفراوان لەئارادایە، بەتایبەتی ئەگەر ئیسرائیل بچێتە قۆناغی ئۆپەراسیۆنی زەمینییەوە لەغەزە ". ئەم توێژەرە فەرەنسییە بەدووری نازانێ کە تاران سیناریۆی شەڕی قۆناغبەندی بە بەشداری هێزی نوێ لەبەرچاو بگرێت.

هەروەها دیبلۆماتکارێکی فەلەستینی بە پەیامنێری لیبراسیۆنی ڕاگەیاندووە کە ئێران لەپەیوەندیدایە لەگەڵ هەموو هێزو هاوپەیمانەکانی لەناوچەکەداو ژمارەی ئەو هێزانەش لەنێو ئەو گروپە فەلەستینییانەی کە بەدوای شەڕی چەکداریدا دەگەڕێن، تەنیا لەگرووپێک یان دوو گرووپدا سنووردار ناکرێتەوەو تەنانەت ئەو گروپە کۆنانەش دەگرێتەوە کە لەڕێکخراوی فەتح-ەوە نزیکن، کە هەموویان لەمامەڵەی جولەکەنشینە توندڕەوەکان لەکەناری ڕۆژئاواو ڕوباری ئەردەن تورەو بێزارن.

هەمان دیپلۆماتکاری فەلەستینی دەڵێت "ستراتیژی‌و ئاڕاستەی سیاسەتی ئێران لەماوەی درێژخایەندا درک دەکرێت. ئێران هەوڵدەدات زۆرترین کارتی هەرێمی لەدەستدا بێت، چ فەلەسستینی بێت یان سوری‌و لوبنانی‌و یەمەنی‌و عێراقی، بۆ ئەوەی بەپێی هەلومەرجەکان‌و بەمەبەستی دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاریانبهێنێت‌و بۆ ئەم مەبەستەش ئێران وەک ئامرازێک سوود لەخەباتی فەلەستینیەکان وەردەگرێت".



وتار

ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ

بیرەوەریی و بەڵگەنامە

سدیق سالح



وتار

خێرومەندانی سلێمانی و مەولودی پێغەمبەر (د.خ)



وتار

خوالێخۆشبوو فایق بێکەس

خوالێخۆشبوو ئەحمەد بەگ

خوالێخۆشبوو ڕەمزی قەزاز



# ئێران، حەشدی شەعبی ئامادە دەکات بۆ جەنگی دژ بەئیسرائیل

سایتی ئاوێنە

بەرپرسانی هێزی قودسی سوپای پاسدارانی ئێران لەگەڵ چەند سەرکردەو گروپێکی چەکداری سەر بەحەشدی شەعبی کۆدەبنەوە بەمەبەستی ئامادەکاریی کردن بۆ ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگی دژ بەئیسرائیل.

بەپێی راپۆرتێکی تایبەت بە"رادیو فەردا"، هەرچەندە عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، لەوتارێکدا بۆ هێزە چەکدارەکان، رەتیکردەوە کێران دەستی لەهێرشی بەرفراوانی حەماس بۆ سەر ئیسرائیلدا لە٧ی ئەکتۆبەردا هەبووبێت‌و هاوکات کاربەدەستانی ئەمریکیش دەڵێن "تا ئێستا هیچ بەڵگەیەک لەئارادانییە کە ئێران ڕاستەوخۆ دەستی لەهێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیلدا هەبێت"، بەڵام چەند سەرچووەیەکی هەواڵ بە"رادیۆ فەردا"یان راگەیاندووە کە کۆماری ئیسلامی لەئەگەری درێژەکێشانی شەڕی نێوان ئیسرائیل‌و حەماس هەوڵدەدات هێزە بەوەکالەتەکانی لەعێراق‌و لوبنان تێوەگلێنێت‌وو ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆی بەرفراوانبوونی شەڕو گرژییەکان.

ئەم هەواڵانە لەکاتێکدایە کە حسێن ئەمیرعەبدوڵلاهیان، وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی، ئێوارەی ١٢ی ئەکتۆبەر کاتێک گەیشتە بەیروت رایگەیاند "ئەگەر هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر غەزە بەردەوام بن، ئەگەری کردنەوەی بەرەیەکی نوێی جەنگ لەئارادایە".

دوو سەرچاوەی ئاگاداری نزیک لەو گروپە عێراقییانەی پشتیوانی لەکۆماری ئیسلامی دەکەن بەرادیۆ فەردایان اگەیاندوە، رۆژی ٨ی ئەکتۆبەر، رۆژێک دوای هێرشە بەرفراوانەکەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل، بەئامادەبوونی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی کۆبوونەوەیەک بەئامادەبوونی بەرپرسانی ئێران‌و چەند سەرکردەیەکی ئەو گروپە عێراقیانەی لەلایەن تارانەوە پاڵپشتی دەکرێن، لەبەغدا بەڕێوەچووە.

بە پێی ئە م دوو سەرچاوەیە، باڵوێزی ئێران لەعێراق، محەمەد کازم ئەلسادق و ، جێگری فەرماندە ی هێزی قودسی سوپای پاسداران محەمەد رەزا فەلاحزادەو هەروەها چەند فەرماندەیەکی سەربازی کۆماری ئیسلامی ئێران لەعێراق ئامادە بوون.

لەلایەنی عێراقییەوە، نوری مالیکی، سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق‌و فەرماندەی ژمارەیەک گروپی حەشدی شەعبی کە تاران پاڵپشتییان دەکات، لەوانە گروپی کەتائیبی حیزبوڵلا، ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون.

بە پێی ئەو زانیارییانەی دەست رادیۆ فەردا کەوتووە، لەم دیدارەدا بەرپرسانی ئێرانی داوایان کردووە کە بەپلەی یەکەم پڕوپاگەندەی میدیایی لەعێراق دژ بەئیسرائیل‌و بۆ پشتیوانی لەحەماس چڕتر بکرێتەوە؛ هەروەها لەقۆناغی دووەمدا ناوەند دروست بکرێت بۆ تۆمارکردنی ناوی خۆبەخش بەمەبەستی شەڕی دژ بەئیسرائیل.

لەم دیدارەدا بەرپرسانی ئێرانی داوایان کردووە گروپە چەکدارەکانی حەشدی شەعبی عێراق لەحاڵەتی ئامادەباشیدا بن، بەڵام جەختیان لەوە کردووەتەوە کە پێویستە وریا بن "تا کاتی فەرمان کردن" هیچ هەنگاوێک نەنێن.

هە رِوە ها داوا لەبەرپرسانی حەشدی شەعبی کراوە، ئەو موشەکە مەودا مامناوەندیانەی کە لەژمارەیەک شاردا هە ڵگیراون بخەنە ئامادەباشییەوەو هەروەها بەنهێنی شارِێی پارێزگای ئەنبار کە بەرەو سنوری سوریا دەچێت بۆ ئەگەری هەر جۆرە جموجۆڵێک ئامادە بکەن.

حسێن حەمیداوی، ئەمینداری گشتی کەتائیبی حزبوڵای عێراق، هەڕەشەی لەئەمریکا کردووە رایگەیاندووە "ئەگەر دەستوەردان لەشەڕی غەزەدا بکات، بنکەکانی خۆی لەعێراق دەکاتە ئامانج".

حەمیداوی لە بەیاننامەکەیدا پیرۆزبایی هێرشە بەرفراوانەکەی بۆ سەر ئیسرائیل لەحەماس کرد؛ هێرشێک کە زیاتر لەهەزارو ٣٠٠ ئیسرائیلی تیا کوژران‌و دەیان کەسیش بەبارمتە گیران.

هاوکات حیزبوڵڵای لوبنان کە گروپێکی دیکەی پشتیوانیی کۆماری ئیسلامییە، هەڕەشەی ئەوەی کردووە کە ئەگەر ئەمریکا ڕاستەوخۆ دەستوەردان لەشەڕی نێوان ئیسرائیل‌و حەماس بکات، هێرش دەکاتە سەر پێگەکانی ئەمریکا لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

ئەم هەرەشەیە دوای ئەوە هات کە ئەمریکا رایگەیاند کەشتی فرۆکەهەڵگری یو ئێس ئێس جیراڵد فۆرد بەپێنج هەزار سەربازو سەکۆیەکی فرۆکەی جەنگییەوە بنێرێت بۆ وەڵامدانەوەی هەر هەرەشەیەک، لەنێویاندا ڕێگریکردن لەگەیشتنی چەک بۆ بزوتنەوەی حەماس.

لە لایەکی دیکەوە، جۆ بایدن، سەرۆکی ئەمریکا لە دیدارێکدا لەگەڵ سەرکردەکانی جولەکەکان لەواشنتۆن لە٢٠ی ئۆکتۆبەر رایگەیاند، جێگیرکردنی کەشتی و فرۆکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە نزیک ئیسرائیل دەبێ وەک پەیامێک بۆ ئێران سەیر بکرێت کە "وریا بێت".

## رووداو دیجیتاڵ

بنیامین نەتەنیاهوو، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل دەڵێت، ئامانجیان لەنێوبردنی توانا سەربازییەکانی حەماس و ئازادکردنی دیلەکانە.

ئێوارەی رۆژی شەممە، 28ی تشرینی یەکەمی 2023، بنیامین نەتەنیاهوو، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەڤانیدا گوتی، دوێنێ شەو هێزێکی تایبەت چووە نێو باکووری غەززەوە.

نەتەنیاهوو گوتیشی، "لەم چەند رۆژەی دووایی‌دا هێرشە ئاسمانییەکانمان چڕکردوونەتەوە بۆ ئەوەی هاوکاریی هێزەکانمان بکەین لە رێگەی زەمینییەوە بچنە نێو غەززەوە.





# عەتا قەزاز

- 1947 لە سلیمانی لەدایکبووە.
- 1965 چۆتە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا.
- 1970-1971 بۆتە مامۆستای هونەر لە خوێندنگاکانی شاری سلیمانی.
- 1979 جۆتە ئیتاڵیا و بەشی شێوەکاری لە شاری پیرۆجیا-ی ئیتاڵی لەساڵی 1984 تەواوکردووە.
- 1988 بەشی پەیکەرسازی تەواوکردووە.
- 1969-2011 چەندین پێشانگە تایبەتی کردۆتەوە لە (سلێمانی، بەغدا، ئیتاڵیا، بەریتانیا کردۆتەوە).
- 1974-2011 بەشداری چەندین پێشانگەی کردووە لەگەڵ شێوەکارە کوردو بیانییەکان لە (سلێمانی، بەرلین، ئیتاڵیا).




110X90



120x110 cm zaet lasar kannvas



130-110



100c70cm



130X110



120X110



120x110



90x70



120X110

# عەبدوڵا کەریم مەحمود: کۆمەڵکوژی حامیەی شار



## وتاری کورد

پایزی 1985 شاری هەڵوێست و یاخی بوون و بەرەنگاری سلێمانی، جارێکی تر دوای 22 ساڵ ڕووبەڕووی هەمان کۆمەڵ کوژی، 9ی حوزەیرانی 1963 ی زەعیم سدیق بووەوە.

لە 16. 1. 1985 دەوڵەتی عێراق هێزێکی بێ شوماریی پڕچەکی لە (گاردی کۆماری و ئەمن و مەنزومەی شیمال و هێزی تایبەتی ئەمنی عامە و جەیش شەعبی ڕومادی و بەغداو کەرکوک و شارەکانی تریی خوارو ناوەڕاستی عیراقی گەیاندە ناوشاری سلێمانی. بە بیانوی ڕووبەڕوو بوونەوەی سوپای ئێران، گاردی کۆماری بازنەیەکیان بەدەوری شاردا تەنی.

ئاراس محەمەد غەریبی برای شەهید مامۆستا خەبات، لەبارەی ئەو ڕۆژە نائاساییەو ئەو تراژیدیایە، ئاماژەی بەوەکرد:

ئێوارەیەکی درەنگ، هێزەکانی گاردی کۆماری عیراق، بە هەموو جۆرە چەکێک، لە دەوری جادە شەست مەترییەکەی ئەمڕۆی شار دامەزران و شاریان کرد بە بەندیخانەیەک و کۆنترۆڵی هەموو گەڕەکانی شاریان کرد. هەموو جموجۆڵێکیان لە شاردا وەستان، بواری هیچ جۆرە دەرباز بونێکیان نەدا. کە باڵی تاریکیایی شاری داگرت، هیزەکانی گاردی کۆماری لە شوێنە بەرزەکان و لە سەربانی ماڵەکانی هەموو گەڕەکەکان دامەزران. بەکلاشینکۆف و B.K.C و قەناس لەم سەرەوە بۆ ئەوسەرو لەناوەڕاستی شەقام و کۆڵان و گەڕەکەکان وەستان، دەستیان لەسەر پەلەپیتکەی چەکەکانیان بوو.

مەنعی تەجەول سەعات 6ی بەیانی 17. 10. 1985 دەستی پێکرد، هەلیکۆپتەر بەسەر ئاسمانی شاردا دەسووڕایەوە، بەبڵندگۆ تارمایی ترس و گومان و مەرگیان گەیاند بەخەڵکی شار. هەموو جۆرە جموجۆڵ و هاتووچۆییەکیان قەدەغە کرد، هیچ کەس بۆی نییە لەدەرگای ماڵەکانیانەوە ڕوو بکاتە دەرەوە. بە بڵندگۆی بە ناو کۆڵان و شەقام و گەڕەکەکانی شار هەواڵی (مەنعی تەجەولیان) دەدا بەگوێی دانیشتوانی شار. ئەو دەنگەی پڕ بوو، لەبۆنی خوێن و مۆتەکەی ترس و تارمایی مەرگ.

دانیشتوانی شار ژن و پیاو و منداڵ زانیان بارودۆخی سلیمانی ئاسایی نییە، ئێستا نا تاوێکی تر بەسیناریۆکانیان شار نوقمی خوێن دەکەن، دیمەنەکانی تراژیدیای 9ی 1963ی حامیەی سلێمانیان هاتەوە یاد. دەیان لیژنەی ئەمنی تایبەتی ئەمنی عێراق ڕوویان کردە، سەراپا گەڕەکەکان و ماڵ بە ماڵ هەموو ماڵەکانیان بەسەر دەکردەوە.

دەبوایە دەرگای هەموو ماڵەکان لەسەر پشت بوایە، هیزەکانی ئەمن بەبێ پرسورای ماڵەکان خۆیان دەکرد بەژووردا، دەبوایە هەموو ئەندامانی خانەوادەکان وەک بت بەشوناسنامەکانیانەوە لە بەردەم ئەمنەکان بوەستنایە. بۆ ئەوەی ئەمنەکان ناوی شوناسنامەکانیان لەگەڵ ناوی نێو ئەو لیستە تایبەتیانەی کەپێیان بوو بەراورد بکەن. گەر هەر ناوێک لەو ناوانە لە یەک بچوایە، کتوپڕ لەوێ کەلەپچەی دەکردە دەستی ئەو کەسەو هەردووچاوی‌ان دەبەست و دەستگیریان دەکرد و ڕاپێچی حامیەی سلیمانیان دەکرد.

چەندان کەس هیچ پەیوەندییەکیان بەو ناوانەوە نەبوو، تەنیا بەڕێکەوت ناوەکانیان لەیەکتریی دەچوو، یەکسەر دەسگیر دەکران. لیژنەی پشکنین، هەر هەموو کون و قوژبنی ماڵەکان دەگەڕان و هەموو کەل و پەلی ماڵەکانیان دەدا بەسەریەکدا. ئەو ڕۆژە هەزارەها گەنجی شارەکە دەسگیرکران:

* ئەو کەسانەی کەناوەکانیان لەناو لیستی لیژنەی تایبەتی پشکنینی ئەمندا بوو.

* ئەوانەی هیچ پەیوەندییەکیان بەناوی نێو لیستەکانەوە نەبوو، تەنیا ناوەکانیان هەمان ناو بوو.

*گەر لیژنەی پشکنین لەهەر ماڵێکدا سەربازی هەڵاتوویان ببینایە، ئەوا خاوەن ماڵەکەو کوڕە گەنجەکانیان دەسگیردەکرد.

گەر لەکاتی پشکنیندا، وێنەی پێشمەرگە، نامەوناوی هەر ڕێکخراوێکیان ببینیایە، یا لەسەر دیواری هەر ماڵێک دروشمی دژ بەڕژێمیان ببینایە، ئەوا خاوەن ماڵەکەو کوڕە گەنجەکانیان دەستگیر دەکردو خانووەکەیان بەشۆفل خاپوور دەکرد.

هەر ئەو ڕۆژە گاردی کۆماری عێراق لەناو گەڕەکەکانی شاری سلێمانیدا (17)خانوویان بەشۆفل تەخت کرد، یەکێک لەو ماڵانە ماڵی شەهید خەبات محەمەد بەرزنجی بوو لەگەڕەکی ئیبراهیم پاشا. 20 گەنج گوللەباران کران.

ئەو ڕۆژە یەکێک بوو لەڕۆژە هەرە سامناک و دژاورو تاڵەکانی شاری سلێمانی، سەدان کوڕی گەنج ژن و پیاویان ڕاپێچی ژوورە ئینفرادییەکان و هۆڵەکانی ئەمن و ئیستیخبارات و مونەزەمەو ئەمنی تەواری و حامیەی سلێمانی کرد. زیندانییەکان ئەوەندە زۆر بوون جێگانەما بوو تەنانەت گۆڕەپانی بەندیخانەکەش نەیدەگرت، سیخناخ ببوو.

لە 17. 10. 1985دا ئەفسەرێکی لێکۆڵینەوە، لە زیندانییەکانی پرسی: کێ ناوی بۆ سەربازی هاتۆتەوەو نەچووە بۆ سەبازی؟ کێ سەربازی هەڵاتووە؟ باخۆیان بێنە دەرەوە، بۆ ئەوەی ڕەوانەی وەحدەکانیان بکەینەوە. لەو ماوە دیاریکراوەدا ئەمنەکان 20 گەنجی شارەکەیان جیاکردەوە، بردیانە گۆڕەپانی حامیەی سلێمانی و دەست و قاچیان بەداره چەقێنراوەکانەوە بەستەوە. لیژنەی دەسرێژ، لولەی کلاشینکۆفەکانیان ئاڕاستەی جەستەیان کردو مەخزەنەکانیان لەسەر سنگ و سەرو دەست و قاچیان خاڵی کردنەوە.

ئەمەش ناوی ئەو 20 گەنجیە:

1. ئەبوبەکر حسێن محەمەد 1962
2. ڕێبوار عوسمان میرزا 1965
3. کەماڵ ئەحمەد عەبدولڕەحمان 1965
4. ئیبراهیم عومەر مەعروف 1961
5. جەزا حەمە ئەمین کەریم 1964
6. کەریم مەحمود عەلی 1964
7. محەمەد عەلی ئەحمەد محێ دین 1953
8. جەبار محەمەد شەریف 1962
9. ئاراس کەریم میرە 1962
10. محەمەد ئیبراهیم محەمەد 1957
11. کاروان ئیسماعیل محەمەد 1965
12. هوشیار فەتاح کەریم 1965
13. شوان مەحمود عەلی 1963
14. حەمە ڕەئوف سەعید زۆراب 1940
15. عەزیز ئیبراهیم عەزیز 1954
16. سامان محەمەد گەورە 1960
17. سەرسنگ محەمەد گەورە 1964
18. ئیبراهیم عەبدوڵلا عەوڵا 1948
19. فەرهاد ئەحمەد عوسمان 1963
20. خالید حەمە کەریم ڕەسول 1963

ئەمنی عیراق تەرمی ئەو 20 گەنجەیان تەسلیم بەکەسو کاریان نەکردەوە، جەللادەکان هەموویانیان بەجل و بەرگەکانی خۆیانەوە لەسەر بازگەی ساردادوا کرد بەژێر گڵەوە.



# ململانێ لەسەر دەسەڵات لەسیستەمی فیدراڵیدا

د. کامەران مەنتك
2022\10\22



لە هەر شوێنێك دەسەڵات( بە چەمکە فراوانەکەیەوە) هەبێت، لەو شوێنەدا ململانێ لەسەر دەسەڵاتدا هەیە، واتە ململانێ و دەسەڵات دوو هێڵی هاوتەریبن و شان بەشانی یەکتر دەوەستنەوە، ئەمەش شتێکی سروشتیە، لەبەرئەوەی دەسەڵات کۆمەڵێك شت بە مرۆڤ دەبەخشێت، یاخود هێزێکی وای دەخاتە بەردەست، کە بتوانێت بەشێوەیەك لە شێوەکان پێویستییە غەریزیە سروشتییەکانی خۆی، لە کۆنترۆڵکردن و ملکەچکردنی ئەوانەی تر، تا رادەیەکی باش تێر بکات، ئەمە ئەوەمان بۆ روون‌دەکاتەوە، کە لەپاڵ ململانێ و بوونی دەسەڵاتێکدا، هەمیشە خەڵکانێك هەن لەژێر بچم ودروشمی جیاوازەوە، هەوڵدەدەن ئەو دەسەڵاتە مۆنۆپۆل بکەن و لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا بەکاریبێنن، ئەم هەوڵ و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتە، وای لەمرۆڤ کردووە، بەدوای هێزێکدا بگەرێت ئەو دەسەڵاتە رێکبخات و ئەو هاوسەنگییە بێنێتە دی، کە ئاسایش وسەقامگیری کۆمەڵگە مسۆگەر دەکات، بەرهەمهێنانی یاسا (دەستوور). رەنگ بێت یەکێك بێت لەو ئامرازانەی، کە لەرێگەیەوە دەسەڵات جڵەو بکرێت و رێگە لەو مۆنۆپۆلکردنە بگیرێت، هەرچەندە تاوەکو ئێستا بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگاکانی جیهان بە دەستییەوە دەناڵێت.

مەبەست لە جڵەوکردنی دەسەڵات، واتە سنووردارکردنی دەسەڵاتە کەسییەکان وبەخشینی بەشێکی زۆری دەسەڵاتەکەیە بە دامودوزگاکانی دەوڵەت، ئەمەش تا رادەیەکی زۆر رۆڵ لە پاراستنی بەرژەوەندی گشتی وژیانی کۆمەڵگایی دەبینێت، بەڵام لە هەموو حالەتەکاندا بۆئەوەی ئەو پرەنسیپە یاساییانەی کۆمەڵگەی لەسەر رێکدەخرێت توانای وەرگێرانی بۆ کرداری هەبێت، دەبێت کۆمەڵگە خۆی لە ئاستێکی پێشکەوتنی باش دابێت وکۆمەڵێك پرەنسپی بەکردەیی تیا جێگیر بووبێت وتاکەکانی باوەریان پێی هەبێت، وەك پرەنسیپەکانی بەیەکەوە ژیان ویەکتر قبووڵکردن و... هتد. ئەگینا یاساکان لەجیاتی ئامرازێك بۆ رێکخستن وپاراستنی بەرژەوەندی گشتی، دەبێتە ئامرازێك بەدەست کەسە باڵادەستەکانەوە، بۆئەوەی کۆمەلگەی پێ جڵەو بکەن وبەرژەوەندییە کەسییەکانی خۆیانی پێ مسۆگەر بکەن، کە ئاشکرایە ئەو دۆخە نەخوازراوە لەزۆربەی وڵاتانی جیهان، بەتایبەتی ئەوانەی پێیان دەگوترا وڵاتانی جیهانی سێیەم لە ئارادایە.



کاتێك هەرێمە هاوبەرژەوەندییەکان لە دوو توێی دەوڵەتێکی فیدراڵیدا یەکدەگرن، واتای ئەوە نییە ئەو ململانێیەی لەنێوان ئەو هەرێمانەدا هەیە بە تەواوی بنەبر دەکرێت، لەبەرئەوەی وەك ئاماژەی پێکرا بەشێکی زۆر لە ململانێکان بەشێوەیەکی راستەوخۆ وابەستەی بوونی دەسەڵاتە، بەڵام لەبەرئەوەی بەرژەوەندییەکانی ئەو هەرێمانە زیاتر لەمانەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵیدایە، بۆیە ئیدارەدانی ململانێکان بەئاراستەیەکە، کە بەپلەی یەکەم بەرژەوەندی هەرێمەکان بپارێزێت ورادەیەکی زۆر لە دادپەروەری یەکسانی بێنێتەدی، بۆیە ململانێکان هەرچەندە توند بێت مەترسی لەسەر قەوارەی دەوڵەتی فیدراڵی نابێت وهەرێمەکانیش لەوە ناترسن دەستوور پێشێل بکرێت ئەو بنەما یاساییانە پێشێل بکرێت، کە دەوڵەتەکەی لەسەر بونیات نراوە، واتە دەسەڵاتی ناوەند خۆی بسەپێنێت ولەدەسەڵاتەکانی ئەو کەمبکاتەوە.

ئەگەر لەو روانگەیەوە سەیری ململانێکانی نێوان هەولێرو بەغدا بکەین، بۆمان دەردەکەوێت بەهیچ شێوەیەك لە ململانێکانی دەوڵەتی فیدراڵی ناچێت، ئەمەش لەبەر چەند هۆیەك، رەنگ لە پێشەوەی ئەو هۆیانە ئەوە بێت، کە هیچ ژینگەیەکی سیاسی وئابوری ورۆشنبیری ونەتەوەیی و... هتد لە ئارادا نییە بۆ دروستبوونی دەوڵەتێکی فیدراڵی لە ئێراق، ئەو مێژووە خوێناوییەی لەنێوان کوردو حکومەتەکانی ئێراقدا هەیە، بواری بەیەکەوە ژیان ومانەوەی لەیەك چوارچێوەدا زۆر تەسك کردۆتەوە، فیدراڵی لە ئێراقدا لە بنەرەتدا یەکێتییەکی ئارەزوومەندانە نییە، بەڵام هەردوو لا، هەولێرو بەغدا بەسەریان سەپێنراوە، بۆیە دوای نزیکەی 20 ساڵ لە روخانی بەعس وحەڤدە ساڵ لەدەرچوونی دەستووری ئێراق، کە بنەمای فیدراڵییە لەو وڵاتەدا، تاوەکو ئێستا نەهەرێمێکی تر دروست بووە، کە لە زۆر لاوە ئەو هەوڵانە لە ئارادا بووەو رەتکراوەتەوە، وەك دامەزراندنی هەرێمی بەسرە، یاخود دروستکردنی هەرێمێك بۆ سوننەکان، هاوکات تا ئێستاش ئەنجومەنی فیدراڵی دروست نەبووە، کە بەکۆڵەگەی هاوسەنگی دەسەڵاتەکان وهەرێمەکان هەژمار دەکرێت، ئەمەش واتای ئەوەیە تاوەکو ئێستا فیدراڵی ئێراق لە چوارچێوەی دەستوورو راگەیاندنەکاندا دەرنەچووە و نەکەوتۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، بۆیە ململانێکانی نێوان هەرێم ەبەغداش لەململانێکانی دەوڵەتی فیدراڵی ناچێت، کە لەرێگەی دەستوورو یاساکانەوە کێشەکانیان چارەسەر دەکەن، بەڵکو ململانێیەکە زیاتر لە ململانێی نێوان دوو قەوارەی سیاسی سەربەخۆ دەچێت، هەردوولایان بەدوای دەرفەتێکدا دەگەرێن، هەرێم بۆئەوەی لەئێراق جیاببێتەوەو ئێراقیش بۆئەوەی هەرێم بگەرێنێتەوە ژێر دەسەڵاتی راستەوخۆی خۆی وهەڵیوەشێنێتەوە، بۆیە ئەو جۆرە ململانێیە هەمیشە چاوەروانی ئەگەری شەری خوێناوی زیاتر لێدەکرێت لە چارەسەری ئاشتیانە، ئەو جۆرە سەامگیرییەی بەخۆشیەوە دەبینێت، بەندە بەهاوکێشە هەرێمی ونێودەوڵەتییەکان و لە هەرچرکەیەکدا ئەو هاوکێشانە بگۆرێن، دەروازەی هەموو ئەگەرێك دەکرێتەوە، وەك ئەوەی لە 16 ئۆکتۆبەر بینیمان، سەرباری ئەوەی دەستووری ئێراق بەکارهێنانی هێزی سەربازی لەکێشە ناوخۆییەکان بەگوێرەی دەستوور رێگەی پێنەدراوە، کەچی سوپای ئێراق پەلاماری هەرێمی داو لەهەموو دەرفەتێکیشدا ئەو پەلاماردانە چاوەروانکراوە، بۆیە دەبێت هەر شەرو رووبەرووبوونەوەیەك لەنێوان هەرێم وبەغدا بە ئاسایی وەربگیرێت، بەتایبەتیش لە ئێستادا، کە هەرێم بەدۆخێکی ئاڵۆزدا تێدەپەرێت وئێراق شێلگیرانە بەدوای هەموو دەرفەتێکەوە بۆئەوەی هەموو دەسەڵاتەکان بگەرێنێتەوە بۆ ناوەندو لەمەشدا دەوڵەتە هەرێمییەکان بە گەرمی پاڵپشتی دەکەن.



# دیموکراسیەتی بێ عەلمانیی!!

## سیروان حەمە ڕەشید

پێش ئەوەی بچینە سەر باسی دیموکراسی، گرنگە بەکورتی باس لە ڕەهەندە و ماناکانی عەلمانییەت بکەین. ڕۆشنە لەکۆمەڵگەی ئێمە و عەرەبی ئیسلامیدا هێشتا جۆرێک لەبەدحاڵیبوون و ناهۆشیاری لەسەر ناسین و زانانی عەلمانییەت هەیە، ئەم چەمکە نەبۆتە مەعریفەی و هۆشیاری قوڵی تاک، تا لەفەرهەنگ و دونیابینی فیکری و سیاسی و ڕۆشنبیریماندا جێگەی خۆی بگرێت و ڕەنگبداتەوە ، دواتر دێنە سەر باسی دیموکراسی با بزانین ئایا لەو دەوڵەت و کۆمەڵگانەی کەسیستمی دیموکراسی تێدا چەسپاوە و پەیڕەو دەکرێت توانیویانە عەلمانییەت بکەنە دەرەوەی سیستمەکە، یاخود دەسەڵات و حکومەتی دیموکراسی بێ سیکۆلار هەبووە ئێمە لێ بێ ئاگاین!!؟

واتە دیموکراسییەت عەلمانییەتی لێ داماڵراوە، یان بەدیویکی تردا دەکرێت بڵێین ئەم دوو چەمکە لەیەکدی جیا کراونەتەوە؟

بێگومان چەمکی دیموکراسی لەنێو حیزبە ئیسلامگەرا و حیزبەکانی دیکەی کوردستان تەنها وەک بابەتگەلی پوچگەرا و دروشمی بێ ناوەڕۆک لێدەڕوانن و مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن!!؟

*عەلمانییەت:

ئاشکرایە مێژووی سەرهەڵدانی عەلمانییەت دەگەڕێتەوە بۆ دەستکەوتەکانی ڕێنسانس و ڕۆشنگەری و مۆدێرنەی خۆرئاوا، واتە بەرەمبنای ئەو دابرانە مەعریفە و وەچەرخان و شۆڕش و گۆڕانکارییە ڕادیکاڵ و بنەڕەتییە بوو کە عەقڵ تێدا ئازاد کرا و زانستگەرا و پیردۆزە مەزنەکانی ( کۆپەرنیکۆس و دیکارت و گالیلۆ و ئەنشتاین) و مرۆگەری سەرکەوتنی گەورەییان بەسەر سەحر و جادوی کلێسا و بیری خورافەدا هێنا و فیکر و فەلسەفە شوێنی تیۆلۆژیا و سیکۆلائیستی و لاهوتی گرتەوە.

هەڵبەتە پێش ئەو دیاردانە ئایین لەئەوروپادا ڕۆڵێکی ئێجگار مەترسیدار و قێزەونی دەبینیی ، بەڵام وەک باسمان کرد بەسەرهەڵدانی ڕۆشنگەری و عەلمانییەت توانرا هێزە دۆگماتیزم و فێندمێنتالیزمی ئایین و ستەمکاری مەسیحی پاشەکشەی گەورە بکەن و بگەڕێتەوە بۆ سەر سروشت و بازنەی پەیوەندی نێوان (خودا و ڕووح) ئایین تەنها وەک ئیبستراکت بمێنێتەوە..

دکتۆر (فەرەج عەلی فۆدە) تیرۆرکراوی دەستی فێدەمنێتالیزمی ئیسلامی لەبارەی عەلمانییەتەوە "دەڵێت ڕەتکردنەوە عەلمانییەت واتە تێنەگەیشتن لەشارەستانییەتی مۆدێرن ، تۆمەتی کوفردانەپاڵ و بانگەشەکردنیش بۆ دەوڵەتی دینیی تێنەگەیشتنە لە مەدەنییەت و مافەکانی مرۆڤ... هەروەها خواست و داواکارییە بۆ گێڕانەوەی خەلافەت و دەسەڵاتی دینی و تێنەگەیشتنە لە ڕەوتی مێژوو "

هەروەها تائێستا لەکۆمەڵگەی ئیسلامیدا لەدۆخی سەدەکانی ناوەڕاستی خۆرئاوادا کنگڵ دەدات و چەقیووە .. سەرباری ئەوەی دەستی بە کەرستەکانی مۆدێرنە و گەیشتووە تەنانەت ئیسلامگەرا بەجۆرێک وا نەیاری سەرسەختی کرانەوە و بەجیهانیبوون و وەک دیاردەی نامۆ و ترسناک لێدەڕوان و دەڵێن "جیهانگیری واتە بەشەیتانیکردنی هەمو جیهانە" بۆیە کۆمەڵگەی ئیسلامی لەئاستێکدا توشی دۆگماتزم بووە کەتەنها ڕۆڵی بەرخۆر و مەسەرەفگەرا دەبینێت.. هیچ ئەفراندنێکی زانستی و مەعریفی نەبووە، ئەمەش بۆتە گەورەترین لەمپەری بەردەم کرانەوە وو بەعەلمانیکردنی کۆمەڵگەی ئێمە.

لێرەوە دێنە سەر باسی دیموکراسی و دەیبەستینەوە بەبابەتی عەلمانییەتەوە.

*دیموکراسییەت:

دیموکراسی سیستمێکی سیاسیە کەتێدا سەروەری دەگەڕێتەوە بۆ هەموو هاوڵاتییان، نەک تەنها بۆ کەس وگرووپ ئایدیا و باوەڕی دینیی ، لەبنەڕەتدا دیموکراسی لەسەر سێ بنەما دەوەستێت: (ئازادی و یەکسانی و دادپەوەری) کەئەم سێ بنەمایەش تەواوکەر وتێهەڵکێشی یەکترن.

دیموکراسی و عەلمانییەت لەسەردەمی هاوچەرخدا لەسەدەی(17- 18) لەدایک بوون، بەرهەمی ڕۆشنگەرییە، دیارە کاتێک باس لە دەسەڵات و حکومەتی دیموکراسی دەکرێت مومکین نییە بابەتی عەلمانییەتی لێ جیا بکەیتەوە، هەر گرووپ و ڕەوتێکی دیینی بیەوێت لەچوارچێوەی کەش و گەمەی دیموکراسدا بگاتە دەسەڵات و دژی عەلمانییەت بێت ئەوا لەدووفاقی ئایدیۆلۆژی و سیاسی هیچی تر نییە .

هەڵبەتە لە دەوڵەتێکی نەبووە لەکاتێکدا دیموکراسی بێت و علمانییەت ڕەت بکرێتەوە ،

دەشبێت کۆی گرووپە دیینی و نادیینەکان پابەندی ڕیسا و پرنسیپەکانی دەسەڵاتی عەلمانیی و دیموکراسی بن و هیچ کۆمەڵە و کەسێک بەکافر و بێ دیین تۆمەتبار ناکرێت .

لەکۆمەڵگەی ئیسلامیدا بەشی هەرە زۆری ئیسلامەگەراکان بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و حکومڕانی بەشداری گەمەی هەڵبژاردن دەکەین و خۆشیان لەحیزبە عەلمانییەکان بەدیموکراسیخواز تر دەزانن، بەڵام ئەو ڕاستییە دەرک پێکراوە دیموکراسی وەک تاکتیک و فێڵ بەکار دەهێنن بۆبەشداری لەگەمەی هەڵبژاردنەکان، یاخود هێشتا لەچەمک و جەوهەری دیموکراسی نێ نەگەیشتوون؟!! چونکە وەک باسمان کردو و دیموکراسی بێ سیکۆلار بوونی نییە، کاتێک ئیسلامگەراکان دوژمنایەتی سەرسەختی عەلمانییەت دەکەن دەبێت باش بزانین کۆی پرنسیپەکانی دیموکراسی و مەدەنییەت ڕەتدەکەنەوە ....

نوسین و ئەدەبیاتی هێزە ئیسلامییەکان پڕە لەناشیرینکردنی بە ئیلحادکردن و کوفر زانینیی حکومەتی دیموکراسی و عەلمانیی. کەواتە زۆر گرنگە دەکرێت دوو لایەنی هەستیار لەبەرچاو بگرێت، لایەنی یەکەم ئەوەیە لەفەزای گشتی ئێمەدا سەرپێخستنی دیموکراسی و عەلمانییەت بێبتە غەمی جددی گرووپ و ناوەندە مەدەنی و مرۆگەر و ڕۆشنگەران .. لایەنی دووەم ئەوەیە لەمەترسی ڕەوت و هێزە فێندەمێنتالیزم و ئیسلامگەراکان بەئاگابن بەرئەساس ئەوەی ئەوانە لەبنچینەدا بروایان بەهیچ جۆرە دیموکراسیەتێک و گەمەی هەڵبژاردن و دەستاو دەستکردنی دەسەڵات نییە ، وەک نازیزمی ئەڵمانی هەڵبژاردن دەکەنە ئامراز و تاکیتکی گەیشتن بەدەسەڵات

چونکە لەبنەڕەتەوە جەوهەری و سروشتی ڕەوتە دیینەکان وایە کە بەچاو و ڕووحی دوژمنایەتییەوە مامەڵە لەگەڵ کۆی بەها و نۆرمەکانی ڕۆشنگەری و مودێرنە و دیموکراسییەت و عەلمانییەت و مرۆگەری و تاکگەرایی دەکەن.





# سالح موسلیم بۆ شارپرێس: تورکیا ئامانجی چۆڵکردنی کوردستانە

## شارپرێس- کەندال جودی:

سالح موسلیم، هاوسەرۆکی پەیەدە ڕایگەیاند، دەوڵەتی تورکیا بە هێرشکردنە سەر ژێرخانی ڕۆژئاوای کوردستان دەیەوێت کوردستان چۆڵ بکات.

لە چوارچێوەی زنجیرە هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیا، ئەمجارە دەوڵەتی تورکیا بە ئاشکرا هێرشی کردە سەر ژێرخانی ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و سەرچاوە ئابوورییەکانی. هەرچەندە ئەمە پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکانە، بەڵام دیسان ڕایگشتی جیهان لە بەرامبەر ئەو هێرشانەدا بێدەنگبووە.

هاوسەرۆکی پارتی یەکێتی دیموکرات (پەیەدە) سالح موسلیم لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتدا لەگەڵ دەزگای میدیایی شارپرێس دەڵێت: ئەو هێزە هەژموونخوازانەی کە یەکیانگرتووە، لە لۆزانەوە تا نەتەوە یەکگرتووەکان، هەموویان تورکیایان بە دەستی خۆیان بەجێهێشتووە، واتە تورکیا ئازادە بۆ کوشتن و هەرچی بیەوێت بیکات دەیکات، ئەمە پرسێکی سەرەکی نییە بۆ ئەوان، واتە با دە هەزار کورد بمرن و هەموو ئەو ناوچانە چۆڵ بن، بۆ ئەوان کێشە نییە".

دەقی چاوپێکەوتنەکە:

"ئەو شتانەی خەڵک لە ئارامی و ئاسایشدا دەهێڵنەوە ژێرخان و ئابوورییە، بۆیە بۆ ئەوەی خەڵک کۆچ بکات، دەوڵەتی تورکیا ژێرخان و ئابووریی کردووەتە ئامانج"

شارپرێس: سەرەتا سوپاسی ئێوە دەکەین کە کاتتان بۆ تەرخان کردین. با لە هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیا لە ٥ی ئۆکتۆبەر دەست پێ بکەین. ئەمجارە دەوڵەتی تورکیا دەستبەجێ و بە ڕوونی ژێرخانی ڕۆژاڤای کوردستانی کردە ئامانج، ئامانجی دەوڵەتی تورکیا لەمەوە چییە؟

موسلیم: بەخێربێن، سڵاو لە ئێوە. با سەیری مێژووی تورکیا بکەین، تورکیا چەندین سەدەیە کۆچپێکردنو لێدان و کوشتن ئەنجام دەدات. کاتێک دەتەوێت میللەتێک لەناوببەیت و بکوژیت و جینۆساید بکەیت، واتە لەوڵاتەکەی بەدەریدەکەیت. ئەمە پلانی تورکیایە لە ئێستاوە، کوشتن و کۆچپێکردن بەرامبەر بە ئەرمەن و سریانییەکان کراوە، لە هەمان کاتدا تورکیا هەمان پلانی لەسەر کورد جێبەجێ کرد و لە ساڵی ١٩٢٠ و تا ئێستا ئەم پلانە بەڕێوە دەبات. بە گشتی لە لایەک کوشتن و لێدان و ترس و لە لایەکی تر ڕێگای بۆ دەکەنەوە کە لە وڵاتەکەی هەڵبێت.

تورکیا خۆی ٨ ساڵە ئەم پلانە بۆ لەناوبردنی کورد جێبەجێ دەکات و شەڕی خۆی ڕانەگرتووە و تەنها لێرە نییە بەڵکو لە هەموو شوێنێکە. بەتایبەت لە ڕۆژاڤای کوردستان زیادی کردووە، چونکە سیستەمێك دامەزراوە کە بتوانێت لەگەڵ گەلانی دیکەدا بژی و ئاشتی دروست بکات. ئەو شتانەی خەڵك لە ئارامی و ئاسایشدا دەهێڵنەوە ژێرخان و ئابوورییە، بۆیە بۆ ئەوەی خەڵك کۆچ بکات، دەوڵەتی تورك ژێرخان و ئابووریی کردۆتە ئامانج بۆ ئەوەی لەناوی ببات، بۆ ئەوەی خەڵك بە تینوو و برسی بمێنێتەوە، لێیەوە کۆچ بکات.

هەر بۆیە تورکیا دوایین هێرشەکانی لەسەر ئەم بنەمایە ئەنجامدا و بیرە نەوت و دامەزراوەکان و ئاو و نەخۆشخانەکانی لەناوبرد.

ئیدارەی خۆسەر ٨-١٠ ساڵە خەریکی بنیاتنانی شتە ئامانجدارەکانە، بەڵام دەوڵەتی تورك لە یەك ڕۆژدا لەناوی برد و ئیدارەی خۆسەر ئاوەدانی دەکاتەوە، چونکە بەبێ ئەو شتانە ناتوانێت کار بکات. واتە خەڵك بێ ئاو دەمێنێتەوە و برسی دەبێت و خەڵك ناچار دەبێت کۆچ بکات. دەتوانین بڵێین ئامانج چۆڵکردنی کوردستان و چۆڵکردنی کوردستانە بەم شێوەیە و هەرکەسێك ئەم سیستەمەی بوێت و ئازادی و پێکەوە ژیانی بوێت ئامانجی دەوڵەتی تورکیایە.

لە ماوەی ٨ ساڵی ڕابردوودا تورکیا ئەم پلانە لە هەموو شوێنێك جێبەجێ دەکات، جارێك لە عەفرین، جارێك لە باشووری کوردستان، کورد لە هەموو شوێنێك دەکاتە ئامانج. بەر لە هێرشەکە وەزیری دەرەوەی تورکیا بە ڕوونی باسی لەوە کرد کە هەموو شتێك ئامانجە بۆ ئەوان، "ژێرخان"، بەڵام کەس نەهاتە دەرەوە و نەیگوت ئەم شتانە کە ئێوە دەیڵێن تاوانی دژ بە مرۆڤایەتین، نابێت بکرێن. هەروەها کاتێك تورکیا هێرشی کرد، کەس دەنگی بەرز نەکردەوە.

بەگشتی ئامانجی تورکیا لەناوبردنی کۆمەڵگایە، نەك تەنها لەناوبردنی حیزبێك، پێویستە گەلی کوردمان باش بزانێت، چونکە تا ئێستا لە مێشکی تورکیادایە، کە پێویستە گەلی کورد لەناوبچێت و نابێت سەرکردەی کورد هەبێت، و لەسەر ئەم بنەمایە دەوڵەتی تورك دەجوڵێت.

"تورکیا ئامانجی لەنێوبردنی گەل و دروستکردنی ناکۆکی لە نێوان گەل و ئیدارەی خۆسەرە لەرێگای لەنێوبردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانەوە"

شارپرێس: بەڕێز سالح موسلیم، ئەگەر هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر ژێرخانی ناوچەکە بەردەوام بێت، ئەمە چ کاریگەرییەکی لەسەر ئیدارەی خۆسەر و سەقامگیری ناوچەکە دەبێت؟

موسلیم: پێویستە گەل بگاتە ئەو ئاست و ئاگاییەی کە تورکیا دەیەوێت. هەر بۆیە گەل بڕیاری خۆی دەدات، لەهەمانکاتدا تورکیا دەیەوێت ئەم سیستەمە لەناوببات، ئێمە نامانەوێت گەلەکەمان برسی بێت. ئێستا کێشە لە ئارد و نان و غاز و سووتەمەنی دروست دەبێت. ئەمانە هەمووی کێشەن، بەڕاستی. بۆیە ئامانجی تورکیا لەناوبردنی گەل و دروستکردنی ناکۆکی لە نێوان گەل و ئیدارەکەیدایە. بێ گومان ئیدارەی خۆسەر و دامودەزگاکانی هەوڵی دروستکردنەوەی ئەو پرۆژانە دەدەن، چونکە ئەمانە دامەزراوەی خەڵکن و ئەو دامەزراوانە بنیات دەنرێنەوە.

لە لایەکی ترەوە بۆچی دەوڵەتی تورکیا هێرشی کردە سەر هێزەکانی دژە ماددە هۆشبەرەکان؟ چونکە دەوڵەتی تورکیا دەیەوێت لە ڕێگەی شەڕێکی تایبەتەوە ئەم ماددەیە لە کۆمەڵگادا بڵاو بکاتەوە و ئەم کۆمەڵگایە و گەنجەکانی لەناو ببات. بەڵام ئەوەی دژی ئەم شەڕە تایبەتە و ماددەی هۆشبەرە،



هێزە ئەمنییەکان بوون، بۆیە هێرشی کردە سەریان، بۆ ئەوەی بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان ئازاد بن. زۆربەی ئەو بازرگانانە پەیوەندییان بە تورکیا و میتەوە هەیە.
"

تورکیا هەوڵی شکاندنی زیندانەکانی دیلەکانی داعش دەدات و شانەکانی داعش هێشتا پەیوەندییان لەگەڵ تورکیا هەیە و تورکیا چەک و پاڵپشتی ماددییان پێدەدات"

شارپرێس: ئایا ئەم بە ئامانجکردنی ژێرخانە کاریگەری لەسەر پاراستنی کەمپی هۆڵ و زیندانەکانی داعش دەبێت؟

موسلیم: بەڵێ کاریگەری هەیە، چونکە کاتێك ئیدارەی خۆسەر و هێزە ئەمنییەکان لاواز بن، کێ دەیانپارێزێت؟ لە لایەکی ترەوە ئەو ڕێکخراوە مەدەنیانەی خزمەت بە کەمپی هۆڵ دەکەن دەترسن و ناوێرن بچنە ناو هۆڵەوە، لە تورکیاوە هێرشیان کردە سەر هێزە ئەمنییەکانی دەوروبەری کەمپی هۆڵ و لە ئەنجامدا شەهید هەبوون. یەکێك لە ئامانجەکانی تورکیا ئازادکردنی خەڵکی ئۆردوگای هۆڵە. پێشتر ئەمەمان لە عەین عیسا و شوێنی دیکە بینیوە. ئێستاش ئەم کەسانەی لە هۆڵ هەڵدێن، هەموویان دەچنە تورکیا و ئەوانەی کە دەیانرفێنن هەموویان هی تورکیان.

لە لایەکی دیکەشەوە شانەکانی داعش هێشتا پەیوەندییان لەگەڵ تورکیا هەیە و تورکیا چەك و پاڵپشتی ماددییان پێدەدات و حکومەتی تورکیا و داعش وەك یەکن.

لە ڕاستیدا ئەردۆغان ئێستا نوێنەرایەتی داعش دەکات. چ جۆرە جیهادی و تیرۆریستێك دەبینین کە ئەردۆغان لە پشتیانەوە نەبێت.

شارپرێس: دەبینیت ئەگەر هێرشەکانی تورکیا بەردەوام بێت، نەك تەنها لە ناوچەکە بەڵکو لە هەموو جیهاندا مەترسییەکی گەورە دەبێت، چونکە لە ئێستادا هەزاران ئەندامی داعش لە زیندانەکاندان؟

موسلیم: بەڵێ مەترسی هەیە، هەر بۆیە دەیەوێت ئەم داعشانە دەربکات لەزیندان، چونکە لە چاوی ئەردۆغان هەموویان جیهادین. ئەم هێرشەی لە بەلجیکا ڕوویدا، هیوادارم هێرشبەر بە زیندوویی بگیرێت و پرسیاری لێبکرێت کە لە کوێوە پەروەردە بووە و لە کوێوە هاتووە، بێ گومان ئەو خوێندکاری ئەو قوتابخانەیەیە یان لە تورکیا بێت یان لە سوریا. پێویستە پۆلیسی ئەوروپا و بەلجیکا بەدواداچوون بۆ ئەم بابەتە بکەن، چونکە لە کۆتاییدا پەیوەستە بە تورکیا و ئەردۆغانەوە. بۆیە مەترسییەکە زۆر گەورەیە، بە بڕوای ئێمە، هەموو کەسێك کە دەیەوێت ئاشتی لە هەموو جیهاندا دروست بکات، پێویستە ئاگاداری ئەم بابەتە بێت و خۆپارێزی بکات.

لە ئێستادا 10-12 هەزار دیلی داعشی هەیە، لە ئێستاشەوە هەوڵی تورکیا هەیە، جا لە قامیشلۆ بێت یان لە هەر شوێنێك دیلەکانی داعش هەبێت، هێرش بکاتە سەر ئەو ناوچانە بە مەبەستی ڕەخساندنی دەرفەتێك بۆ ئەوەی ئەو داعشانە هەڵبێن. کێشەکە ئەمەیە، واتە ئەگەر جارێکی تر ١٢ هەزار داعش بگەنە تورکیا، تورکیا ئەو داعشانە بەرەو ئەوروپا دەبات.

شارپرێس: کاك ساڵح، ئەمجارە هەڵوێستی ئەمریکا و ڕووسیا لە بەرامبەر هێرشەکانی تورکیادا زۆر لاواز بوو، هەڵوێستی ئێوە وەك سەرکردەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لە بەرامبەر ئەم لاوازییە چییە؟

موسلیم: بەڕاستی تورکیا بووەتە گورگ و هەموو شتێك دەتوانێت بەرامبەر کورد بکات. لە دیوی نێودەوڵەتییەوە، ئەو هێزە هەژموونگەرانەی لە لۆزانەوە تا ئێستا و بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان یەکیان گرتووە، هەموویان تورکیایان بە دەستی خۆیان بەجێهێشتووە، واتە تورکیا ئازادە لە کوشتن و هەرچی بیەوێت بیکات، دەیکات، بە واتایەکی تر، ئەمە پرسێکی سەرەکی نییە بۆ ئەوان، واتە با ئەوان ئەگەر هەزاران کورد بمرن و هەموو ئەو ناوچانە چۆڵ بن، ئەوە بۆ ئەوان کێشە نییە. لەم چوارچێوەیەدا کێشەی ئەمریکا ئەوەیە کە داعش تەشەنە نەکات، داعش تا ئەمڕۆش لێرەیە و تاکە هێزێك کە شەڕی داعش دەکات هەسەدەیە، ئەوان جیاوازی ناکەن.

ڕووسیاش گرنگی بەو شتە نادات. بە گشتی بەرژەوەندیی دیکەیان هەیە، لە ئۆکرانیا و شوێنی دیکە.

شارپرێس: دوای ئەوەی شەڕی غەززە دەستی پێکرد، ڕاگەیەندرا کە خەڵکی غەززە لە ڕێگەی تورکیاوە لە ناوچە داگیرکراوەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لەلایەن تورکیاوە نیشتەجێ دەکرێن، وەك عەفرین، سەرێکانی و گرێ سپی، ئەمە تا چەندە ڕاستە؟ ئەگەر ڕاست بن، کاریگەرییان چی دەبێت؟

موسلیم: پێموانییە شتێکی وا هەبێت، نە خەڵکی غەززە قبوڵیان دەکات و نە ئێمەش قبوڵ دەکەین. ئەمە وەك دەنگۆیەك دەگوترێت، بەڵام ئەگەر بۆ تورکیا بتوانرێت ئەوە دەکات، چونکە تورکیا ئیگورەکانی لە چینەوە هێناوە لە عەفرین و تورکمانەکانی کەرکوکی لە باب و سەرێکانی نیشتەجێ کردووە. بەڵام شتە باشەکە ئەوەیە ئیدی کەس متمانەی بە تورکیا نییە، واتە کەس متمانەی پێی نییە تەنانەت وەك ناوبژیوانێك، تورکیا مایەپووچ بووە، چونکە درۆی لەگەڵ هەمووان کردووە. پێموانییە ئەم پلانانە جێبەجێ بکرێن، بەڵام پێویستە ئاگاداری بین.





# هەڵبژاردنی پەرلەمانی سویسرا و دەرئەنجامەکانی

هیوا ناسیح *
سپی میدیا

ڕۆژی یەکشەممە ٢٠٢٣/١٠/٢٢ دوا ڕۆژی دەنگدان بوو بۆ پەرلەمانی سویسرا. وڵاتی سویسرا کە فرەنەتەوە و ئیتنییە، چوار نەتەوەی بە ئاشتی تێدا دەژی و هەر چوار زمانەکەش فەرمییە تێیدا. وڵاتێکە لەوپەڕی خۆشگوزەرانی و ئاشتیدایە و ئابورییەکی بەهێزی هەیە بێ ئەوەی هیچ نەوت و کانزایەکیشی هەبێت، نمونەی کەمە لە جیهاندا. ژمارەی دانیشتوانی ئەمساڵ نۆ میلیۆنی تێپەڕاند، لەمە نزیکەی پێنج میلیۆن و نیو لە نێوخۆی سویسرا مافی دەنگدانیان هەیە. لە تەواوی دەرەوەی وڵاتیش نزیکەی سێ چارەکە میلیۆن، کە وڵاتنامەی سویسرییان هەیە مافی دەنگدانیان هەیە. لە ٢٦ کانتۆن (هەرێم) پێک دێت (شەشیان نیوە کانتۆنە) هەر کانتۆنێک دەستور و یاسای تایبەت بە خۆی هەیە، سەرەڕای ئاڵا و پەرلەمانی ناوچەیی. لەم وڵاتە سەرۆکی وڵات و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هەر یەک کەسە ، یان ڕاستر بڵێین سەرۆکی وڵات بوونی نییە!! سەرەڕای ئەوەی کەوتۆتە ناوەڕاست و چەقی ئەوروپاوە بەڵام ئەندام نییە لە یەکێتی و بازاڕی ئەوروپا، چەند جارێک لەسەر ئەم بابەتە ڕاپرسییان کردوە، بەڵام هەموو جارەکان زۆرینەی خەڵک لەگەڵدا نەبوونە ببنە ئەندام لەوێدا. لەم وڵاتە حزب دەبێت خۆی خۆی بژێنێت و حکومەت باربووی هیچ کیان و حزبێک ناکات .

پەرلەمان و ئەنجومەنی نوێنەرانی کانتۆنەکان لە مانگی دوانزەدا کابینەی نوێی حکومەت واتە ئەنجومەنی وەزیران هەڵدەبژێرن، کە لە حەوت وەزیر پێک دێت و دواتر یەکێک لەو حەوت کەسە سەرەڕای وەزارەتەکەی خۆی بە سەرۆکی وڵات هەڵدەبژێردرێت، کە ماوەکەی ساڵێکە و تەنها یەک جاری تریش دەتوانێت خۆی هەڵبژێرێتەوە، واتە بە هەمووی دوو ساڵ دەتوانێت سەرۆک بێت. بەڵام هەمان دەسەڵات و ئەرکیان هەیە. لێرەدا هەندێک زانیاریی گشتی لەسەر هەردوو بەشەکەی پەرلەمان و ئەنجامی دوا هەڵبژاردنەکان دەخەمە ڕوو، لام وایە بۆ خوێنەری کورد سودی خۆی دەبێت.

ئەرکی سەرەکی پەرلەمان سەرەڕای دانان و بڕیاردان لەسەر یاساکان ، جێبەجێکردنیشیانە بەسەر هەموو وڵاتدا. پەرلەمان لە دوو ژوور پێکهاتووە: ئەنجومەنی نیشتمانی و ئەنجومەنی نوێنەرانی کانتۆنەکان. ئەنجومەنی نیشتمانی نوێنەرایەتی دانیشتوان دەکات، لە کاتێکدا ئەنجومەنی نوێنەران نوێنەرایەتی کانتۆنەکان دەکات.

ئەنجومەنی نیشتمانی یان ژوری گەورە ٢٠٠ کورسی هەیە. ئەمانە دابەش دەکرێن بەسەر ٢٦ کانتۆنەکەدا بەگوێرەی دانیشتوانەکەیان، ئەمەش مانای ئەوەیە کە هەتا خەڵکێکی زیاتر لە کانتۆنێکدا بژین، کورسی زیاتر بۆ ئەو کانتۆنە لە ئەنجومەنی نیشتمانیدا بەردەست دەبێت. هەر کانتۆنێک لانیکەم یەک ئەندامی هەیە. لەبەر ئەوە زۆرجار بە "ژوری خەڵک" یان "ژوری گەورە" ناودەبرێت.

سەرۆکێک بۆ ماوەی ساڵێک سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی دەکات و لەلایەن دوو جێگری سەرۆکەوە پشتگیری دەکرێت.

پێکهاتەکانی دیکەی ئەنجومەنی نیشتمانی نووسینگەیەکە کە گرنگی بە ڕێکخستن و بەڕێوەبردن و هەروەها کۆمیسیۆنی جۆراوجۆر دەدات، بۆ نموونە سیاسەتی دەرەوە، کاروباری یاسایی یان ئابوری. دوای هەڵبژاردنەکان، سەرۆکی پێشوو پۆستی کاتی دەستنیشان دەکات و بەردەوام دەبێت لە سەرۆکایەتیکردنی ئەنجومەنەکە تا ئەو کاتەی سەرۆکی نوێ لەلایەن ئەنجومەنەوە هەڵدەبژێردرێت.

ئەنجومەنی نوێنەرانی کانتۆنەکان ٤٦ کورسی هەیە و لە نوێنەرانی هەموو کانتۆنەکان پێکهاتووە. هەروەها پێی دەوترێت ژوری بچووک. بۆ هەریەک لە بیست کانتۆنە تەواوەکە دوو نوێنەر و هەر یەک لە شەش نیوەکانتۆنەکانیش یەک نوێنەر هەڵدەبژێردرێن.

وەک ئەنجومەنی نیشتمانی، ئەنجومەنی نوێنەرانی کانتۆنەکانیش لەلایەن کەسێکەوە سەرۆکایەتی دەکرێت بە پشتیوانی دوو جێگر.

هەروەها ئەنجومەنی نوێنەران نوسینگەیەک و لیژنەی جۆراوجۆر پێکدەهێنێت.

سیستەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی چییە؟ وەک یاسایەک، ئەنجومەنی نیشتمانی لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی ڕێژەیی هەڵدەبژێردرێت. ئەمەش بەو مانایە دێت کە کورسییەکان دابەش دەکرێن بەسەر لایەنەکاندا بەپێی ئەو دەنگانەی بەدەستیان هێناوە. لە یەکەم هەنگاودا پارتەکە هەڵدەبژێردرێت لە هەنگاوی دووەمدا، ئەو کاندیدانەی کە زۆرترین دەنگیان بەدەستهێناوە، ئەو کورسییانە وەردەگرن کە پارتەکەیان مافی وەرگرتنی هەیە. واتە ئەو کەسەی زۆرترین دەنگ بەدەست دەهێنێت ڕاستەوخۆ کورسییەکەی بەدەست دەهێنێت.

بۆ بەدەستهێنانی کورسی زیاتر، لایەنەکان لە هەندێک لە کانتۆنەکان لیستی هاوپەیمانی پێک دەهێنن. ئەمانە تەنها ڕۆڵیان هەیە لە هەڵبژاردنی ڕێژەیی. پارتەکان دەتوانن لیستی هەڵبژاردنەکانیان لەگەڵ یەک یان زیاتر لە لایەنەکانی دیکە تێکەڵ بکەن، کە تیایدا حیزبەکان لیستی هەڵبژاردنی تاکەکەسی خۆیان دەهێڵنەوە. لە دابەشکردنی کورسییەکاندا، یەکەم جار لیستی یەکگرتوو ڕەچاو دەکرێت. دواتر کورسییەکان لە نێو لیستی تاکەکانی پارتەکەدا دابەش دەکرێن. لە ئەنجامدا لایەنەکان دەنگی کەمتر لەدەست دەدەن کە بەس نییە بۆ کورسییەکی خۆیان.

چەند کورسی لە ئەنجومەنی نیشتمانی تەرخانکراوە بۆ کانتۆنەکان؟ بەهۆی گەورەترین ژمارەی دانیشتوانەکەیەوە، کانتۆنی زیوریخ زۆرترین کورسی لە ئەنجومەنی نیشتمانیدا هەیە. تا ئێستا ٣٥ کورسی هەیە، بەڵام ئێستا یەک کورسی دیکە لە هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵدا زیاد دەبێت. لە ئێستادا کانتۆنی بازل-شتات واتە شاری بازل چوار کورسی هەیە، کە یەک کورسی کەمترە لە پێشوو. بەم شێوەیە ٢٠٠ کورسی بەسەر کانتۆنەکاندا دابەش دەکرێت.

بابەتەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن:

گرنگترین ئە و بابەتانەی کە لە هەڵمەتی هە ڵبژاردنەکاندا گفتوگۆی توندی لەسەر کرا بریتی بوون لە تێچوی چاودێری تەندروستی (خەرجییەکانی بیمەی تەندروستی) ، دابینکردنی خانەنشینی، گۆڕانی کەشوهەوا و کۆچی پەناخوازان بۆ وڵاتەکە وەک گرنگترین ئاستەنگی سیاسی لە ساڵانی داهاتودا دەبینرێن.

پارتی گەلی سویسری واتە SVP، لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی خۆیدا بە شێوەیەکی سەرەکی تیشکی دەخستە سەر کێشەی کۆچ لە بەرنامەکەیدا، هەروەها داوای سەپاندنی باجی کۆچ و پاراستنی سنووری زیاتری دەکرد.

پارتی سۆسیالدیموکراتی سویسری (SP) بە دروشمی "بۆ سویسرایەکی سۆسیال واتە کۆمەڵایەتی" هەڵمەتی دەکرد، ئەو ڕەخنە لەو ڕاستییە دەگرت کە ژیان بۆ زۆرێک لە خەڵک گرانتر بووە، بۆیە دەیەوێت هێزی کڕینی دانیشتوان بەهێز بکرێت. بۆ ئەم مەبەستە، دەیەوێت دەستپێشخەرییەکی گشتی دەستپێبکات بۆ سنوردارکردنی مانگانەی بیمەی تەندروستی. هەروەها، ئێس پی دەیەوێت مۆڵەتی دایک و باوک پێشکەش بکات و دامەزراوەکانی چاودێری ڕۆژانە باشتر بکات.

پارتی لیبراڵی دیموکراتی (FDP) پابەندە بە سیاسەتێکی ئابووری لیبراڵەوە لە نێوان شتەکانی تردا،

پشت دەبەستێت بە کەمی تێچوونی کار بەبێ کرێ، دەیەوێت کۆچ لە ڕێگەی سیستەمێکی خاڵەوە ڕێکبخات و دەستگەیشتن بە بازاڕە نێودەوڵەتییەکان فراوانتر بکات.

پارتی ناوەندی نوێ، کە بۆ یەکەم جار لەدوای یەکخستنی هەردوو پارتی CVP وBDP دروست بوو، هەڵمەتی دەکرد بۆ پێکەوەژیانی زیاتر لە سویسرا، کە بە هەڕەشەی زیادبوونی پۆلاریزاسیۆن دەبینێت. ئەو دەیەوێت هەماهەنگی نێودەوڵەتی بەهێز بکات لە سیاسەتی بەرگریدا، کەمکردنەوەی بەرزبوونەوەی تێچوونی بیمەی تەندروستی و نەهێشتنی زیانەکانی باج بۆ هاوسەرگیری.

هەردوو پارتی سەوز و چەپی سویسرا پاراستنی کەشوهەوا بە بابەتێکی سەرەکی لە سیاسەتی خۆیاندا دادەنا. سەوزەکان دەیانەوێت لە هەموو بوارە سیاسییەکاندا ئەولەویەتی ئەوە بدەن و هەمەچەشنی بایۆلۆجی بەهێز بکەن و سەنتەرێکی دارایی سویسری بەردەوام دروست بکەن. جگە لە لابردنی قۆناغی وزەی ناوەکی، GLPداوای نزیکبوونەوە لە یەکێتی ئەوروپا و بازرگانی ئازادی بەردەوام دەکات، بۆ نموونە لە ڕێگەی باجی هاوردەکردنی $CO_2$.

وەک گوتمان لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی٢٠٢٣دا ئەنجومەنی فیدراڵی لە سویسرا هەڵدەبژێردرا، بۆ هەڵبژاردنی ئەمساڵ زیاتر لە ٥٩٠٠ کاندید خۆیان بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی کاندید کردبوو، ژمارەی ٥،٦ میلیۆن کەس مافی دەنگدانیان هەبوو ، بەڵام ڕێژەی بەشداربووان لە دەنگداندا ٤٦،٩ لە سەتا بوو (هەڵبژاردنی رابردوو ٤٥،١ بوو) . بە پێی دوا هەواڵەکان ئەنجامەکانیان، کە دوای چوار سەعاتێک لە داخستنی سندوقەکان ڕاگەیەندرا، ڕێژەی سەدی دەنگی ئەو حزبە سەرەکیانە دوای هەڵبژاردنەکە بەم شێوەیە گۆرانکارییان بەسەردا دێت،ژمارەی نێوان کەوانەکە ڕێژەی سەدیی دەنگەکان زیاد یان کەمبونە، ژمارەکەی دەرەوەی کەوانەکە ڕێژەی سەدیی تەواوی دەنگەکانە.

پارتی گەلی سویسری(SVP) (+ ٣،٣) ٢٨.٩
پارتی سۆسیالدیموکراتی سویسری (SP) (+٠،٧) ١٧.٥
پارتی ناوەندی سویسری (Mitte) (+٠،٨) ١٤.٦
پارتی لیبراڵی دیموکراتی (FDP) (- ٠،٥) ١٤،٦
پارتی سەوزی سویسری (Grüne) (- ٤) ٩،٢
پارتی لیبراڵی سەوزی سویسری (GLP) (- ٠،٦) ٧.٢

ڕێژەی کورسییەکانی ئەو حزبە سەرەکیانە دوای هەڵبژاردنەکە بەم شێوەیە گۆرانکارییان بەسەردا دێت، ژمارەی نێوان کەوانەکە بڕی کورسی زیاد یان کەمبونە ، ژمارەکەی دەرەوەی کەوانەکە ژمارەی داهاتووی تەواوی کورسییەکانە.

پارتی گەلی سویسری (+ ٨) ٦١
پارتی سۆسیالدیموکراتی سویسری (+٢) ٤١
پارتی ناوەندی سویسری (+٢) ٣٠
پارتی لیبراڵی دیموکراتی (سفر) ٢٩
پارتی سەوزی سویسری (-٧) ٢١
پارتی لیبراڵی سەوزی سویسری (- ٥) ١١

وەک دەرکەوت لەم هەڵبژاردنەدا، پارتی گەلی سویسری (ڕاستڕەو) گەورەترین براوەیە، هەردوو پارتەکانی سەوز (چەپ) سەوزی لیبرال (میانڕەو) دۆڕانی بەرچاویان بەرکەوت!


نوسەر ئەندامی پارتی سۆسیالدیموکراتی سویسرایە.




## سلێمانی

من بۆ یادی تۆی شۆڕەسوار
دڵ و جەرگم بۆ بێکەسیت
بۆتە، کوانوی سوتووئاگردانی،
مات و خامۆش
هیچ کات وەکو ئێستا
نەبووی بێزارو نیگەرانم
بەم پێدەنگیەت
وێنەی ئازیز مردە
خەمناک، ڕەشۆش،
تۆ بووی خەرمانت
سورکرد،ڕووباری
خوێنت کردە قوربانی،
ئەمێستاکە نەسەرچنارت
پڕ نەشئەونەگۆیژەت
ڕەنگاوڕەنگە
کوانێ وەکو جارانی؟
خۆری ئازادی هاتە خوار
هەرتاریکن، کوچەو کۆڵانی
باخچەومزگەوتی شێواون
نادادی وایلێکردون
نەگردت ماون
نەکارێزونەکانی،
نەناڵەی دەروێش
نەبەزمی مورید
نەئاوازی خۆش و
جاویدانی
نەبولبولان دێنە سەما
نەخەنە بەندانی کیژان و ژنانی
نەشەوچەرەی حەوشە گەورە
نە بەزمی خۆشی شەوانی،
هەزار داخ و حەسرەتکێشین
بۆ جارانت سلێمانی.

**ڕەووف ئالانی**




سکاڵای خۆم لەروی کێ هەڵبرێژم
لەلای هاواری بێ پەروام ببێژم
کە من هەروا رەوەند و خاکە سار بم
ئەگەر مردم لە کاملا دڵ بنێژم
بەکر پشدری
Sh


ماڵی مەی
هاژە بەرزنجی
شەوێکی تۆف و زریان
دەردی دڵم گەیاندە سەر مێزی مەیخانە
گشت تەقواوسونەتەکانم
لەناو پێکێ شەرابدا
لەژێر چمکی
لەچکەکەی سەرم حەشاردا لەوکاتەی..
سەداو هاواری نەوسەکان
لەقامچی ویژدان هەڵهاتن
من خۆم..
بۆشەوێکی پڕ لەبیرچونەوە
ئامادە ئەکرد
لەگەرخەمی ئەم دڵەم
لە(نووری بادە)دا
تەقسیمی هیجری
دیوەخانی مەیخۆراندا ئەکەم
ئەی چیبکەم !
خودایە تۆ ئەزانی..
شوێنی پێکە مەیەکەم
لەژێر چمکی لەچکەکەمە
تا لەچاوی ئەوان بەدووربێ
وەک یاخییەک ئەدین
دووعاو نزام لێ ئەکرێ
ئەوان هیچ ناخوێننەوە
تەنها نەفرەتم لێئەکەن
کێ پرسی بۆچی نوقمی شەراب و..
شەوێکی تۆف و زریان تێکەڵبووە .
وەرەگەشتێک بەئاسمانی شێدا بکە
بەجلێکی نیمچەڕووتەوە
پۆشتەو پەرداخی شەرم
بەشانتادە
ئەوکات لێت تێئەگەن
ماڵی مەی ..
تاکە فریادڕەسە بۆ دڵی تەنگ و..
تۆف و زریانی نەخوازراو.
***


لیم ببوورە
گوڵم ئەبێت لێم ببووری
کەنەمتوانی خۆشبەختت کەم.
بیمە قەڵای خەونەکانت و
تاڵی ژیانت شیرین کەم.
لێم ببورە کەژیانتم
کردە دۆزەخ و دووریت لێم.
تۆئەزانیت هەر چرکەیەک
بۆدیدارێکت ئەسوتێم.
من ئەزانم جارێکی تر
ئەستەمە یەک ببینینەوە.
نزانەکەم لەو دونیای تر
لات بم بۆ لێ پرسینەوە.
گەر پرسییان لەدنیادا
کردەوەی ژینت چی بووە
دەڵێم کەسێکم خۆش دەویست
هەناسەو ئەوینم بووە.
کاربین سەلام


سێ کورتەنامەی عاشقانە
*
خالید کۆچەر
1
سوپاس ئەی جوانترین کتێبی یاد
سوپاس ئەی جوانترین ژنی وڵاتی
کۆچەریان
دەپرسم : عەشقی شێتانەی تۆ
نەبووایە
من چیم دابوو لە داستانی
خۆشەویستی
چیرۆکی شێتانەی تۆ نەبووایە نە
ئەوەندە زوو پیردەبووم
قژو ڕدێنم نەدەبووە بەفری کوێستان
هەرگیز نەدەبوومە چیرۆکی
بەرئاگردانی شەوانی زستان
ئەو هەموو یادگارە بێژمارەی تۆ
نەبوایە
نەدەبووم بە شاعیر
سوپاس ئەی جوانترین کتێبی یاد
2
دوێنێ زۆر بیرم کردی
لەگەل پرمەی گریانی خۆمدا
فرمێسک لە چاوەکانم دەباری
ویستم تەلەفۆنێکت بۆ بکەم
بەڵام گوتم : نەبا پێم بڵێیت
ئەو شاعیرە قەرەجە بۆ ئەوەندە
عەودالی من بووە
من یادەوەری چل ساڵی
خۆشەویستی
لە یادم کردووە
ئەو هێشتا منی لە یاد نەکردووە
ئای چەندە شێتە
3
ئەو ڕۆژەی دوور لە چاوە
پیرۆزەکانی تۆ دەمرم
لە گۆڕستانێکدا بەخاکم دەسپێرن
ڕەنگە ئێوارەکەی لە کەناڵی تیڤییەک
بە هەواڵیی مردنەکەم بزانیت
***

# ڕوانینێکی واقیعبینانە بۆ پەیوەندییەکانمان لەگەڵ برا فەلەستینیەکان، خودا بیانپارێزێت



خالید ڕەزا

ئەم وتارە نوسەری کوەیتی ناصر المطیری نوسیوێتی و لەبەر گرنگی زانیاریەکان، بە پێویستم زانی بیکەم بە کوردی. وەکودەگێڕنەوە: وشهد شاهد من أهلها.

ڕوانینێکی واقیعبینانە بۆ پەیوەندییەکانمان لەگەڵ برا فەلەستینیەکان، خودا بیانپارێزێت.

١ - فەلەستینیەکانی کوەیت لە کاتی داگیرکردنی کوێتدا پەیوەندیان بە سوپای عێراقەوە کرد، هەرچەندە ئێمە هەموو ئیمتیازێکمان بۆ فەراهەم کردبوون، بەڵام غەدریان لە خەڵکی ئێمە کرد. دوای ئازادکردنی کوێت، دەسەڵاتدارانی کوەیت ٣٢٠ هەزار فەلەستینییان بۆ ئوردن دەرکرد و خێزانەکانیشیان لە پشتیوانی دارایی بێبەش کران. سەرۆکی کۆچکردوی فەلەستین یاسر عەرەفات کە دەرچوی زانکۆکانی کوەیت بوو، لە کاتی ڕزگار کردنی کوەیت دا، پشتیوانی لە سەدام کرد.

٢ - لە مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٠ تێکرای گروپە فەلەستینییەکان لە دژی حکومەتی شا حوسێن سەرۆکی کۆچکردووی ئوردن ڕاپەڕین و سەرۆک وەزیرانی ئوردن ( وصفي التل)یان لە قاهیرە تیرۆر کرد. سوپای ئوردن و هێزەکانی بەدو توانیان ئەو ئاژاوەگێرییە خامۆش بکەن، زۆر بەداخەوە زۆرێک لە ئەندامانی گروپە فەلەستینیەکان کوژران.

٣ - لە ساڵی ١٩٨٣ کێشە کەوتە نێوان هێزەکانی فەتح بە سەرۆکایەتی یاسر عەرەفات سەرۆکی کۆچکردو، بەرەی ڕزگاریخوازی عەرەبی کە لایەنگری حکومەتی سەدام حوسێن بوون ، بووە هۆی شەهید بونی زۆرێک لە کادیرانی فەتح، لەوانە عزالدین قلق لە پاریس، ئەلحەمامی لە لەندەن و هتد.. لە ساڵی ١٩٩١ هەواڵگری سەدام یەکێک لە سەرکردە دیارەکانی فەتح ئەبو ئەیادی تیرۆر کرد، لە ڕێگەی حەمزە ئەبوزەیدەوە، کە بەکرێگیراوێکی هەواڵگری عێراق بوو.

٤ - گروپە فەلەستینیەکان ڕێگای دوژمنایەتییان لەگەڵ ڕژێمی حافز ئەسەد، سەرۆک کۆماری سوریا هەڵبژارد، ئەمەش بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێکی خوێناوی لە ناو ئۆردوگا فەلەستینیەکان لە لوبنان دا، ئەوکات پێی دەگوترا کۆمەڵکوژییەکانی تەل زەعتەر، کە بوە هۆی کوژرانی زیاتر لە ٥٠ هەزار فەلەستینی.

٥ - هێزە کانی فە تح بە سە رۆکایە تی سە رۆکی کۆچکردو یاسر عە رە فات، لوبنان یان کردە شانۆی پە کلاکردنە وە لە گە ڵ گروپە فەلەستینییەکانی تر، کە بوە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناخۆ و بەهەزاران قوربانی لێکەوتەوە.

٦ - یاسر عەرەفات، سەرۆکی کۆچکردوی فەلەستین لەپاریس لەگەڵ ئیمام خومەینی کۆبوەوە و دووجاریش لە ئێران سەردانی کرد، ئێرانی بە هاوپەیمانێکی ستراتیژی بۆ ڕزگارکردنی فەلەستین دەزانی، بەڵام هەر زوو پشتی کردە ئێران و لە شەڕەکەیدا لایەنگری سەدام حوسێن سەرۆکی کۆچکردوی کرد دژی ئێران. ئێرانی خومەینی دژی عەرەفات وەستایەوە، لەوساوە تا ئێستە بە پارە و چەک پشتیوانی حەماس دەکات.

٧- عەرەفات ملیۆنان دۆلاری لە موعەمەر قەزافی، سەرۆکی کۆچکردووی لیبیا وەرگرت، بەڵام لە کۆنفرانسی لوتکەی عەرەبی کە ساڵی ٢٠٠٢ لە بەیروت بەسترا، عەرەفات لە قەزافی هەڵگەڕایەوە. عەقید قەزافی فەرمانی دەرکردنی فەلەستینییەکانی لە خاکی لیبیا دەرکرد.

٨ - لە زۆر وتاردا یاسر عەرەفات سەرۆکی فەلەستین هێرشی دەکردە سەر پاشاکانی سعودیە و بە بەکرێگیراوی ئەمەریکا و ئیسرائیل ی دا ئەنان، بەشداری کرد لە دامەزراندنی ڕادیۆی ڕزگاری خاکی جەزیرە (إذاعة تحرير ارض الجزيره) کە لە بەغداوە بەرنامەکانی پەخش دەکردو لە ژێر ئیدارەی فەلەستینیەکاندا بوو.

٩- یاسر عەرەفات پشتیوانی حکومەتی سەدام حسێن سەرۆک کۆماری کۆچکردووی عێراقی کرد لە پاکتاوکردنی کوردە جوداخوازەکانی عیراق دا، کاتێک بە چەکی کیمیایی بۆردومان کران، عەرەفات لەبەردەمی ڕۆژنامەوانان دا پڕ بەگەروی هاواریکرد: "ئەی سوپای عێراق، ئەی ئەوانەی کە خاکی پاکی عەرەبتان لە چەتەکان پاک کردەوە".

١٠- فەلەستینیەکان، دوای هەرەسی مانگی حوزەیران، هێرشێکی توندیان کردە سەر حکومەتی جەمال عەبدولناسر، دوژمنایەتییەکەش گەیشتە ئاستێک کە فەلەستینییەکانی لە میسر دەکرد بۆ ئوردن و نوسینگەو ڕادیۆکەیانی لە قاهیرە داخست.

١١ - ڕەوەندە فەلەستینییەکان لە دەوڵەتەکانی کەنداوی عەرەبیدا بۆنەیەک تێ ناپەڕێ کە تیایدا سوکایە تی زۆر بە شێخەکانی دەوڵەتانی کەنداو نەکەن و گەلەکانیان بەدواکەوتو بە کرێگیراوی ئەمەریکا نە ناسێنن، هەرچەندە لە لایەن شێخەکانی دەوڵەتانی کەنداوەوە هەموو جۆرە ئیمتیازێکی تایبەتیان بۆ فەراهەم کراوە.

ئێمە ڕێز لە خەباتی گەلی فەلەستین بۆ وەرگرتنەوەی خاکە داگیرکراوەکەیان دەگرین، بەڵام پێویستە ئەوانیش گوێ ڕایەڵ و وەفا و دڵسۆزییان بۆ ئەوانە هەبێت کە لە ڕۆژی ناخۆشی و تەنگانەدا لەگەڵیان.

ناصر المطيري
دولة الكويت
٢٦ ربيع الاول ١٤٤٥

## دوێنێ و ئەمڕۆ لەیەک دەچن !

گەرمەی جەنگی نێوان عێراق - ئێران بوو، ماشێنی جەنگەکە خەلکی هەردوو وڵاتی دەهاڕی. بەسیج و پاسداری ئێرانی مێشک شۆردراوەی نەگبەت، ناوچەوانی خۆیانیان بە پارچە پەڕۆیەکی سەوز جەڕاندبوو، بەدروشمی (داریم بە کربلا میرسیم) واتە ئەمەوێ بگەمە کەربەلا، ملیان دەنا بە کێڵگەی مینی سپای عێراقەوە و وەکو گەڵای وەرزی پایز دەوەرین و شەپۆل لەدوای شەپۆل بەدوای یەکترا دەرۆیشتن خۆیان وتەنی ئەگەر نەگەنە کەربەلا ئەوا دەگەنە بەهەشت !!. لە کۆتاییشدا ئیمامی زەمان ئیمام خومەینی بەقەولی خۆی پەرداخە زەهرەکەی نۆش کرد و جەنگەکەشی دۆڕاند.

ئەمڕۆ لە هەواڵەکان خوێندمەوە گوایە هەزاران بەسیجی عێراقی لە سەر سنوری عێراق- سوریا کۆبونەوەتەوە بە خەیاڵی خۆیان دەڕۆن بۆ غەزە.

کە ئەوەم بینی سەردەمی جەنگی عێراق- ئێرانم بیر کەوتەوە و ئەنجامەکەشی نۆشکردنی پەرداخە زەهرێکی ترە لە لایەن ئێرانەوە، بەشودانی پرسی ڕەوای فەلەستینیەکان و تارومارکردنی گروپی حەماس و جیهادی ئیسلامی و ئەوانی تریشە.

نەفرەت لەجەنگ و کاولکاری
درود بۆ ئاشتی و ئاوەدانی






# سەروەری مەلاشاخی

پارتیزانی دوای ئەنفال
شەهید سەید جەوهەر
ـ سەید جەوهەر سەید لەتیف سەید محەمەد
ـ ساڵی 1962 لە لە ئاویی لەك دایك بووبوو.
ـ سالی 1982 پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە لە تیپی 51 ی گەرمیان.
ـ لەساڵانی خەباتدا بەشداری وفەرماندەیی دەیان چالاکی دەکات.
ـ لە شەڕەکانی بەرگری شاڵاوەکانی ئەنفالدا ڕۆڵی قارەمانانەی بووە.
ـ دوای ئەنفالی سێ یەکێك بووە لە پارتیزانەکانی دوای ئەنفال.
ـ لەدوای راپەرینیش جێگری فەرماندەی فەرماندەیی3ی کەرکوك بووە.
ـ لە سالی 1991 کراوە بە لێپرسراوی قیادەی سێی ناوچەی کەرکوك.
ـ لە شەوی 16.10.1997 لە شاخی شەکرۆك شەهید دەبێ.


* * *

پەیامی
شیلانەوشەکرۆك
بۆ/ شەهید سەید جەوهەر وهەڤاڵەکانی
لەم وەرزی گەلاڕێزانی هۆزانەدا ،
( سیروان ) ی شیعرێکم وتی:
لەبەهەشتەکەی(گۆران)دا،
لەشارەزوور .
لەو هەرێمەی....،
ڕۆحی هەزاران(عەزیز)ی* تیاهەڵوەری،
بوون بەکۆی نوور .
چاوم لێ بوو ..باڵندەکان ،
لەسەر مەزاری چاکێکی شیرەمەڕی
پۆل پۆل کەپرۆکەیان دەکرد،
دەرویشەکانی خاك وخۆڵ ،
لەدیوانەکەی (ناڵی) دا
دەخووڵانەوەوەك فرفرۆك.
عاشقانی ڕێبازەکەی کاکە(فازڵ)**
بۆ گەرم کردنی کۆڕەکەی ،
وەك دڵسۆزانی( عاشورا )
سینەیان کردبوو بەدەف و...
تەپڵی سەریان گرمەی دەهات،
لەگەڵ چەپۆك.
لەم پایزی هەڵوەرین وخەزانەدا
(سەفین)ی شیعرێکم وتی:
لەو دەڤەرەی (شوانە)و(ئاکۆ)،
بوون بەدووئەستێرەی سوورو.
چوون بۆ ئاسۆ.
(کانەبی)و(ستار)و(مەهدی)یش
بوون بەسێ موریدی (صافی)
چاوم لێ بوو بەرێبازی رەنجدەراندا.
بەرەو (کاوانیان ) ڕۆیشتن،
بوون بەپۆلێ قارەمانی مێژووی(سۆران)
بوون بەپاڵەوانە ئازاکەی
نێو داستانەکەی (حەمەدۆك).
لەم وەرزی پەڵەی خوێنەدا
(هەورێ)ی هۆزانێکم وتی:
ئەگەر ئێستا ئێوەیش وەك من،
گوێتان لە زریکەی(خانزاد)و
لەنەواری ئەشکەوتەکەی(خرواتان)و
لەلاوکەکەی ( کاوێس...) دەبوو
ئێوەیش وەك (بەنی هەریر)و،
وەك سێدۆڵان...
نەفرەتتان لە خائین دەکرد،
نوێژی ڕێزتان دادەبەستا....
بو (مەلانەجم) ی فەرماندەو
بۆ شێخە ردێن سوورەکەی ،
(شارباژێر)و (قەڵاچۆلان).
لەم وەرزی گەردەلوول وداستانەدا
لەم گەرمیانە وێرانەدا .
شیعرێکی (ئەنفال)م وتی:
ئەگەر ئێستا ئێوەیش وەك من
گوێتان لەناڵەی(چیمەن)و
چاوتان لەنسکی پیرێکی
دێی( لەك )دەبوو
جادەتان گوت: داستانی سەوز ..
کاڵایەو بەقەدباڵایە.
وا دایکێکی جگەر سگوتاو ..
هاوار دەکات : تەماشا کەن!
بە(دەربەندیبازیان)ەوە.
بەسەر( شاخەسووران) ەوە.
بەسەربەردی (کەڵەکی باڵەیان)ەوە.
شاڵە سەوزەکەی یەکێتی ...
پشتێنەکەی(سەیدجەوهەر)م .
با دەی شەکێنێ ... ئاڵایە .
لەم وەرزی کۆڵ نەدانەدا .
لەمەڵبەندەکەی(شیهاب)و(ئارام)ەو
لە وڵاتی...
(سەدو هەشتاو دوو هەزار)
غەم و زامەوە.منی دێوانە خەریکم،
حاڵی ەوزانێ دەمگرێ،
بۆ (پێشمەرگەو)وبۆ(سەید...)و
بۆ(سیامەند)و بۆ(باران)و....
بۆپۆلێ (بانی مارانی)و
بۆ(حەمە عەرەبی)***برام.
بو ئەو خوێنە خاوێنانەی،
لە سەنگەری بەرگری دا،
تنۆك،تنۆك.
رژانە بن داری هیوای کوردایەتی و
بەرسێبەری سنەوبەرو
داری شەکرۆك.
1997/11/27

......................

*سەید جەوهەروعەزیزمامەلێسی و فازڵ شیرەمەڕی و حمەعارەب و چەند هەڤاڵێکیا ن پێکەوە شەهید بوون.





# پاراستنی دەستنووسێک بووە مایەی خێر

## چیرۆکی ئەنشتاین و خوێندکارە عیراقیەکەی

زۆر دەمێک بوو کوردانم بۆ کردبوو بەلام لەناو جەنجالی کۆمپیوتەر دا لێم بزر ببو بۆم نەدەدۆزرایەوە ناونیشانەکەم بیرنەدەکەوتەوە پیری و هەزار عەیب هەندێجار...

ئینشتاین سالی ١٩٢٢ لەگەشتێکی بۆ ژاپۆن،لەوکاتەی ئاشکرا بوو کەخەلاتی نۆبلی بۆ فیزیا بەدەست هێناوە، لەو ئوتێلەی لێی بوو هیچ پارەیەکی پێنەبوو بیدا بەو کەسەی کەخزمەتکارو چای بۆ دەهێنا بۆیە پێنوسێکی گرت بەدەستەوەو لەپارچە کاغەزێک تێیدا نوسی:

ژیانێکی ئاسودەو ساکار،ژیانێکی خۆشت بۆ فەراهەم دەکات تا تێکۆشان بۆ سەرکەوتن ماندوبونێکی تاقەت پروکێن و بەردەوام...واژوی لەسەرکردو دایە دەستی کابراو ئامۆژگاری کرد کە هەلیگرێت و گرنگی پێبدا و نەیفەوتێنێ ...

دوای ٩٥ سالٚ و لەسالی ٢٤/١٠/٢٠١٧ یەکێ لەبرازاکانی کابرای خزمەتکاری ئوتێلەکە پەیوەندی بەشوێنی ئاشکراکردنی ئازاد ( مەزاد)ەوەکرد ئەو پارچە کاغەزەی خستە مەزادەوە یەکەم جار لە ٢٠٠٠ دۆلارەوە دەستی پێکرد و دوای ٢٥ دەقیقە بە ١،٣ ملیۆن دۆلار وەستا...

سالی ١٩٥٨ عەبدولجەبار عەبدولا لەگەلٚ چوار خوێندکاری دیکە خوێندکاربوون لای ئەنیشتاین لە پەیمانگای ماساشوستس لەویلایەتە یەکگرتوەکان.... سالی ١٩٦٣ کە کۆدیتا لە عەبدولکەریم قاسم کرا ئەو سەرۆکی زانکۆی بەغدا بوو لەناو سیاسی و مامۆستاکانی زانکۆ و کەسانی سەربازی ئەویش دەستگیر کرا ... کە ئازاد کرا روی لەهەمان پەیمانگا کردەوە و هاری ترومان بەرزترین میدالیای جیهانی پێ بەخشی ... یەکێ لەهاورێکانی بەندیخانە ناسیەوە وزۆر جار تاسە دەیبردەوە و فرمێسک بەچاوی دا دەهاتە خوارەوەو رۆژێک لێی پرسی هوکاری خەمباری وگریانت چییە؟

لەوەلام دا گوتی: کاتێک حەرەس قەومیەکان هاتن بۆ گرتنم یەکێیان زلەیەکی بەهێزی لێدام و کەوتم بە زەوی دا... دەستی کرد بەپشکنینی گیرفانەکانم وئەو قەلەمە مەرەکەبەی لێ دزیم کە ئینشتاین پێی دابوم کاتێ دکتۆراکەم وەرگرت و واژوی پێکرد.. قەلەمێکی سوری یاقوتی سور بوو... من تەنها بۆ واژو کردن بروانامەی دکتۆرای خوێندکارەکانم لەزانکۆی بەغدا جێپێدەکرد... زلەکە و گیرانەکەم هیندەی ئەوە ئازاری نەدام ئەوەی ئازار بەخش بوو یەکێ لەخوێندکارەکانم بوو کە لێیدام...ئەوە قسەی ئەو پرۆفیسۆرە بوو... ئەنیشتاین دەفەرموێ

سەدا دووی مرۆڤەکان بیردەکەنەوە.

سەدا سێی مرۆڤەکان وادەزانن یا واتێدەگەن بیردەکەنەوە...


سەدا نەوەدو پێنجی مرۆڤەکان مردن بەباشتر دەزانن لەبری بیرکردنەوە...

ئەنیشتاین چاکەیەکی لەگەلٚ کابرای خزمەتکاری ئوتێلەکە کرد بە نوسینەی لەسەر پارچە کاغەزێک بەلام دەسەلاتدارانی ئەم وولاتە ئەنیشتاینە عیراقیەکەیان ریسوا کرد و پێنوسەکەی ئەنیشتانیان شکاند راستە گۆرانی نەمر فەرمویەتی قەدری سەنعەتکار وەک عەکسی قەمەر وایە لەحەوزێکی لیخن دا ... ئیستاش لەم هەرێمەی خۆمان خەریکن زانست و پەروەردەو فێرکردن دەکەن بەقوربانی گیرفانی خۆیان و بیرکردنەوەی تەسکی حیزبایەتی وململانێکان لەگەل عیراق و برو بیانودۆزینەوە بۆ پێنەدانی موچەو موستەحەقاتی مامۆستایان و فەرمانبەران کەچی لەولاشەوە قسەی گەورە گەورە و لێداونی رەونەقدار دەدەن ... ناشزانن کە پەروەدە دارما داروخانی دەولەت و دام ودەزگاکانی پێوە دەبێ ...وولات نە بەکچە مۆدێل و نەبەهێنانی گۆرانی بێژ ،نەبەکۆشک تەلاری بەرز وولات پێشدەکەوێ... حوکمرانێک کە موچەی مامۆستا نەداو مانبگرن و دەرگای قوتابخانە دابخرێ و سوکایەتی بەمامۆستا بکرێ ئیتر چۆن وولات پێشدەکەوێ؟ کوردانەن

عوسمان

٢٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣





# رِوداوێکی مێژووی

لەجەنگی دووەمی جیهان گەورە یاریدەدەرێکی هیتلەر بەناوی گلوبز هوبزنگر لێی جیابۆوە و بەریتانیەکان دالدەو داوای پەناهەندەیی کرد...زۆر گرنگیان پێداو بەخێرهاتن وپێشوازی گەرمیان لێکرد و لەنایابترین هۆتیلەکانی لەندەن دایاننا و خزمەتیان دەکرد...لەهۆیەکانی راگەیاندنی ئەوکات باس وگرنگی پێدرا...

کە هەفتەی یەکەمی گەرم گوڕی پێشوازی تێپەڕی هەواڵگری بەریتانی لەکاتی لێکۆلینەوە لێیان پرسی چەند زانیاریەکی سەربازیان پێ بدات دەربارەی ئەلمانیا ئەویش رەتی کردەوە...یەکێ لەلێکۆلەرەکان لێی پەست بوو پێی گوت چۆن داوای پەناهەندییمان لێدەکەی کە زانیاریمان نەدەیتێ؟

ئەویش لەوەلام گوتی ئێوە دژە هیتلەرتان ناوێ بەلکو خیانەتکارێکی نیشتمانتان دەوێ منیش ناتوانم خیانەت لە نیشتمانەکەم بکەم و دەمەوێ بگەرێمەوە ئەلمانیا هەرچەندە دەیزانی چارەنوسی خیانەتکار چی دەبێ بەگەرانەوە بۆ لای هیتلەر؟ هەواڵگری رەتیان کردەوە و خستیانە ژێر ئەشکەنجەوە تا بەزۆر زانیاری بەدەست بهێنن پێشی گوتن:

من لەهیتلەر جیا بوومەتەوە نەک ئەلمانیا بۆیە لەکاتی لەسێدارە دانی پێکەنی وگوتی :

نیشتمان حورمەتی خۆی هەیەوکەس نیشتمانی خۆی نافرۆشێ تەنها خیانەتکارو زۆلەکان نەبن ...

کوردانەن

عوسمان

٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣



# فەلەستین بە کوردی

سەردار عەزیز
زەمەن پرێس




لێرەدا دەمەوێت قسە لە سەر ڕەفتار و ستراتیژ بکەم لە هەموو شتێکی تر زیاتر.

لەم ڕووەوە ئایا پرسی فەلەستین چیمان پێدەڵێت وەک کورد؟

یەکەم، کە ئیسرائیل دروستکرا، لە لایەن بەریتانیەوە، پرسی فەلەستینیەکان بوو بە ڕێگریی گەورە لە بەردەم بون و سەرکەوتنی ئەو پرۆژەیەدا. بە هەمانشێوە کە عێراق لە لایەن ئیستعماری بەریتانیەوە دروستکرا، پرسی کورد بوو بە ڕێگری ئەو پرۆژەیە. بۆیە چۆنێتی مامەڵە لە گەڵ ئەم ڕێگرییەدا، پرسێکی هاوشێوەیە لە نێوان هەردوو لادا. لە یەکەم دەرکەوتەیدا، پرسی کورد و فەلەستینیەکان هاوشێوەییەک دروست دەکات بەوەی دەبێت بە پرسی خەڵکێک بەرامبەر دەوڵەت. هاوکێشەی خەڵک و دەوڵەت لە میانەی سیستەمی دەوڵەتیی نێودەوڵەتیدا هاوکێشەیەکی لاسەنگە. دەوڵەت ماف و شەرعیەتی بەکاربردن و قۆرغکردنی توندوتیژیی هەیە، بەڵام خەڵک نیەتی. خەڵک دەبنە تیرۆریست، بەڵام دەوڵەت نابێتە تیرۆریست، ئەگەر پڕا و پڕ تیرۆریستیش بێت. پرسی تیرۆر یانی داماڵینی هەموو مافیک بۆ داخوازیی و داواکاریی. بۆیە ململانێ لە گەڵ دەوڵەتدا هەمیشە لە سەر پێگەی دەوڵەتەکە وەستاوە لە ناو کایەی سیستەمی نێودەوڵەتیدا. ئەگەر دەوڵەتەکە قبوڵکراوبێت ئەوا ململانێ لە گەڵیدا سەختە. هەروەها ئەگەر قبوڵ نەکراوبێت ئەوا ئاسانترە.

دووەم، ئیسرائیل ستراتیژی جیاوازی گرتە بەر بۆ مامەڵەکردن لە گەڵ فەلەستینیەکانیدا. دەکرێت ئەم ستراتیژیانە بکەین بە دوو بەشەوە، ستراتیژ بەرامبەر خەڵک، لە گەڵ ستراتیژ بەرامبەر هێزەکان. سەرەتا قسە لە سەر هێزەکان دەکەین. کاتێک ئیسرائیل لە شەستەکان و حەفتاکان، لە گەڵ فەلەستینیەکاندا دەجەنگا، ئەوان لە بەرەی چەپ بوون. ئەمە بەشێک بوو لە دەرهاوێشتەی دۆخی سیستەمی جیهانی ئەو سەردەمە. لە شەست و حەوت ئیسرائیل بوو بە جێگای بایەخی ئەمریکا، چونکە دەرکەوت کە هێزێکی کاریگەرە و دەتوانرێت پشتی پێببەسترێت بۆ مامەڵەکردن لە گەڵیدا بۆ ئیدارەدانی ناوچەکە. ئەمریکادا لە سەرەتادا دۆستی ئیسرائیل نەبوو.

ئەمە دەرخەری پەیوەندی نێوان هێزی ناوخۆیی و زلهێزە. ڕۆڵی زلهێز لە دروستکردن ون ئیدارەدان و هەندێکجار کۆتایی هێنانی پرسی کورد لە باشور لای کەس نهێنی نیە. هێشتنەوە و درێژەپێدانی ئەو پەیوەندییە زۆر ئاڵۆزە، ئیسرائیلیەکان لە چەندین ئاستدا کاری لە سەر دەکەن، ئاستی کاریگەریی بوون لە ناوچەکە، ئاستی دیموکراسی بوون (هەرچەندە ئێستا دیموکراسیەتی ئیسرائیلی نیشانەی پرسیاری لە سەرە، بەڵام بە بەراورد بە وڵاتانی دەوروبەری چەندین دەیە لە پێشە)، بە لۆبیی کرد، بە بونی تواناى زانستی و ئابوریی، بە بونی ناوەندی توێژینەوە، بە بونی میدیای زەبەلاح و چیرۆک و بیرمەند و زۆر زۆری تر. کورد لە بەر دوو هۆکار تواناى نەبوە هیچ کام لەم هەنگاوانە بنێت، یەکەم، خەڵکەکەی بێئاگایە و دووەم، نوخبەکەی تەنها بەرژەوەندی خۆی لا مەبەستە. خەڵکی کورد حەزی لە ناوی بێناوەڕۆکە، وەک، بڕوانامەی بێ مەعریفە، پۆستی بێکار، ڕۆشنبیریی جنێوفرۆش. بەم ڕەفتار و ئاگاییە ساویلکانە ناتوانرێت کاریگەریی لە دونیادا دروست بکرێت.

ئەمە لە کاتێکدا زلهێزێکی وەک ئەمریکا ئەوەی بۆ کوردی کردوە، مەگەر بۆ ئیسرائیلی کردبێت، لە پاراستن و پشتیوانی و گۆڕینی عێراق و نوسینی دەستور و تەنانەت موچە بە چەکدارەکانیشی. بەڵام کورد ناتوانێت سودمەنی ستراتیژیانەی ئەم هاوکاریانە بێت، چونکە بەرژەوەندی نوخبەی دەسەڵاتدار زۆر تەبانیە لە گەڵیدا و خەڵکی کوردیش نازانێت چ باسە.

سێیەم، ئیسرائیل لە مامەڵەی لە گەڵ هێزە فەلەستینیەکاندا، کاتێک کە چەپ بوون، بە دوای ئەوەدا دەگەڕا کە چۆن ڕکەبەرێکیان بۆ دروست بکات. بۆیە بۆ ماوەی بیست ساڵ هاوکاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی شێخ یاسین بوو لە پێناو دروستکردنی حەماس. دروستکردنی حەماس لە لایەن ئیسرائیلەوە لای کەس نهێنی نیە. ئامانجی ئیسرائیلیەکان دروستکردنی نەیاریی و شەڕی ناوخۆ و پەرتبونی فەلەستینەکان بوو، بە جۆرێک بە خۆیانەوە خەریک بن، نەک ئیسرائیل.


ئەم ستراتیژەی ئیسرائیل هاوشێوەی مامەڵەی هێزەکانی ترە لە گەڵ کورددا. شەڕی ناوخۆی کورد لە چەندین لاوە ئیدارە دەدرێت، بە کاراکتەری کوردی خۆی بەڕێوەدەبرێت. هێزە کوردیە جیاوازەکان بە ئاگایی و بێئاگایی بەشدارن لە هێشتنەوە و درێژەپێدانی شەڕی ناوخۆ، [بۆ نمونە یەک هێزی سیاسی کوردی نیە، لە دەرەوەی زمان و عەقڵیەتی شەڕی ناوخۆوە قسە بکات]. لە میانەی ململانێی وەهادا خواست و داواکاریی گروپ و هێزەکان باڵادەبێت نەک خەڵک و نیشتمان. ئیسرائیل بە گرتنە بەری سیاسەتی پەرتکە و زاڵبە، یان پەرتبکە و بە شەڕیان بدە و ئیدارەیان بدە، تواناى فەلەستینیەکان بەرە و نەمان بەرێت و ڕوبەڕوی بژاردەی مردن بکاتەوە لە پێناوە مانەوە.

چوارهەم، گەندەڵیی نوخبەی دەسەڵاتداری فەلەستینی و کوردی بە چەندین شێواز پرسی ئەم خەڵکانەیان لاواز کردوە. گەندەڵی نوخبە ماناى تەنها ئەوە نیە کە داهاتی خەڵکی دەدزرێت، بەڵکو کۆمەڵێک کاریگەری کوشندەی هەیە، لەوانە گۆڕینی پرسی خەڵکێک بۆ پرسی کەڵەکەکردنی سامان، هەروەها نەمانی سەنگ لە بەردەم کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی. لاوازبون لە بەرامبەر خەڵکدا کە دەبێت ەمایەی گەندەڵی زیاتر، چونکە کاتێک هێزێک کە بە ڕەوایی پرسەکەی پشتیوانی ناکرێت ئەوا پێویستی بە سامانە بۆ ڕاکێشانی خەڵک. بۆ نمونە هەمومان دەزانی کە لە کوردستان دەنگدان کردەیەکی ئابورییە، نەک سیاسی یان نیشتمانی یان خەمخۆریی. بە ئابوریی کردن دەنگدان یان دیموکراسی یانی کردنی گەندەڵی بە کردەیەکی ناوازەوە بۆ سیستەم.

پێنجەم، لە مامەڵە لە گەڵ خەڵکدا، ئیسرائیل هەمیشە چەند ستراتیژێکی هەبوە. کوشتن، ترساندن، ڕەوکردن، هەموو لە میانەی ئەم ستراتیژانەدا بوون، لە پێناو چۆڵکردنی فەلەستین و جێگیرکردنی ئیسرائیلی. ئێستا یەکێک لەو بژاردانەی کە بەردەوام باسی لێوە دەکرێت گواستنەوەی سەرجەم خەڵکی غەزەیە بۆ دەرەوەی فەلەستین. لە پاش هێرشەکانی حەماس، ئەم بژاردەیە زیاتر بڕەوی پەیداکردوە، بە جۆرێک خەریکە لە پلانێکی توندڕەوەوە دەکرێت بە بژاردە. سەرۆکی میسری بە ڕاشکاوانە دژ بەم هەوڵەبوو. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە، سیسی دژ بە هەوڵی گواستنەوەکە نیە، بەڵکو دژ بە گواستنەوەیانە بۆ سینا، بەڵکو ئەو بیابانی نەقەبی پێباشە. بە هەمانشێوە عێراق بەردەوام لە هەوڵی جێگۆڕکێ و جینۆساید و گۆڕینی دانیشتوانی عێراقە لە نێویاندا کورد، لە پێناو گونجاندنی لە گەڵ خواست و بەرژەوەندی حوکمداراندا.

شەشەم، لە دەستدانی پرسەکە. حەماس هێزێکی ئیخوانیە، بەڵام لە ناو کایەی جیوپۆلەتیکی ئێرانیدایە. بەمجۆرە قەتەر و تورکیا و ئێران وەک کارتێک بە کاری دەبەن. ئەمە دەرئەنجامێکە هیچ هێزێک ناتوانێت لێی دەربازبێت. ئەم یارییە زۆر ئاڵۆزە، هەمیشە دەربڕینە فۆکۆییەکەم بیردەخاتەوە، کۆندەکت ئۆف کۆندەکت کە یانی بەکاربردنی ئەوەی هەیە. بە مانایەکی تر، فەلەستین کێشەی لە گەڵ ئیسرائیلدا هەیە، کورد کێشەی هەیە، بەڵام ئەم کێشەیە لە کایەی ململانێکانی تر بەکاردەبرێت. ئەمە گرێکوێرەی پەیوەندی کورد و ئەوانیتر بوە. ئێرانیەکان دەڵێن، شەر لە غەزە و عەدەن و دیمەشق و موسڵ دەکەن بۆ ئەوەی لە ناو ئێراندا نەیکەن. بەکاربردن و بە سوک سەیرکردنی ژیان و ژیاری ئەو خەڵکانەیە.




یشوازیت لێ دەکەین بۆ ، بوون بە خاوەن یەکەیەکی تایبەت لە باڵەخانەکانمان.

لە ئێستادا لە پرۆژەی چوارچرای نوێ دەست کراوە بە دروستکردنی باڵەخانەی نوێ بە کوالیتی بەرز و دیمەنی ناوازە کە تۆی ئازیز دەتوانیت بەشداربیت و ببیتە خاوەنی شووقەی

یەک/دوو/سێ نووستنی لە خۆشترین و دڵگیرترین پرۆژەی شار.


بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارە مۆبایلانەوە:

07705533333 - 07700533333

دەتوانن لە ڕێگەی ئەم سۆشیاڵ میدیایانەوە ئاگاداری کارەکانمان بن:

فەیسبووک:www.facebook.com/NewChwarChra

ئینستاگرام:www.instagram.com/new.chwarchra




YADNAMA
یادنامە
بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری
گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی
(مێژوو ، کەلتور ، زمان ، منداڵان ،
یادەوەری پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لەخۆدەگرێت.
سەرنوسەر و خاوەنی ئیمتیاز: سەرکەوت محەمەد فەتاح
(سەرکەوتی جیهاز)
دەستەی نوسەران
ڕەووف محەمەد ئالانی
بەختیار شارەزوری
https://www.facebook.com/groups/3114992011918760/?ref=share&mibextid=NSMWBT
یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان




sharazwri@gmail.com 009647701961087
Raufalanny3018@gmail.com 009647701553018
sarkawt_47@hotmail.com 0031615852703